# ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئێران لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣
# (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرا)

ئاشنا علی محمدامین1، پ. د. یاسین خالید حسن2

١ م مێژوو، زانستەمرۆڤایەتییەکان، خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق، ashna.alizada@univsul.edu.iq
٢ م مێژوو، زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**نووسەری پەیوەندیکار:** ئاشنا علی محمدامین*

## پوختە

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای کۆچی ئایەتوڵڵا خومەینی (١٩٨٩) و جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران، ڕووبەڕووی قەیرانی داڕشتنەوەی نەخشەی دەسەڵات و ململانێی ناوخۆیی سیاسی بووەوە. کێشەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی وەرچەرخانی ڕادیکالی ناوخۆیی ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣دا چڕدەبێتەوە، کە تێیدا بێبەشکردنی سیستماتیکی باڵی چەپڕەوی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی مەجلیسدا، هاوسەنگیی سیاسی کەوتە مەترسییەوە و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، بووە هۆی تەقینەوەی ململانێ و درزی نوێی سیاسی لە هەناوی حزبی دەسەڵاتداردا.

توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی شیکاریی مێژوویی-سیاسی بەستووە لە ڕێگەی دابەشکردنی بابەتەکە بۆ سێ تەوەری بنەڕەتی، هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئامرازە یاسایی و هاوپەیمانییە تاکتیکییەکان (شورای پاسەوانان، خامنەیی و ڕەفسەنجانی) لە پاکتاوکردنی چەپەکاندا، بەدواداچوون بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانداا، و شیکردنەوەی تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە فیکری و ئابوورییەکان لە دروستکردنی جەمسەرگیریی دەسەڵاتدا.

پاکتاوکردنی سیاسیی ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣ هاوسەنگیی دامەزراوەیی ناو ئێرانی تێکدا، پێگەی سەرۆک کۆماری بەرەو لاوازی برد، و هاوکات گۆشەگیرکردنی زۆرەملێی چەپڕەوەکان، زەمینەیەکی فیکری و مەعریفیی نوێی پێدان، تا لە سۆسیالیزمی دەوڵەتییەوە بەرەو دیدگای چاکسازیخوازی (اصلاح طلبان)، دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی وەرچەرخێن.

**وشە کلیلییەکان:** سەردەمی دوای خومەینی، هەڵبژاردنی خولی چوارەمی مەجلیس، چەپڕەوی ئیسلامی، ڕەفسەنجانی، خامنەیی، ململانێی نەریتی-تەکنۆکرات

..

## تەوەری یەکەم: هەڵبژاردنی خولی چوارەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی ١٩٩٢ و پەراوێزخستنی سیستماتیکی چەپڕەوی ئیسلامی.

کۆمەڵەی ڕۆحانییانی خەباتکار (جامعە روحانیت مبارز) وەک ڕەوتێکی ڕاستڕەوی سەرەکی، لە مێژ بوو خۆی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ئامادە دەکرد، بەتایبەت دوای ئەو شکستەی، کە ئەم کوتلەیە لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان (مجلس شورای اسلامی)دا بەری کەوتبوو، هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی خستەگەر بۆ سەرکەوتن لەم خولە نوێیەدا (ملکی، ١٣٩٩: ٢٠٠-٢٠١).

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، عەلی خامەنەیی (ڕێبەری باڵا) و ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی (سەرۆک کۆمار) لەڕێگەی کارکردن بە سیستەمی دامەزراوەیی کۆماری ئیسلامییەوە، ستراتیژیەتێکی هاوبەشیان بۆ بێبەشکردن و پەراوێزخستنی باڵی چەپڕەو ئەنجومەنی ڕۆحانییانی خەباتکار (مجمع روحانیون مبارز) داڕشت. لەم چوارچێوەیەدا، خامەنەیی پشتگیریی تەواوی لە بڕیارە توندەکانی "شورای پاسەوانان" (شورای نگهبان) کرد بۆ ڕەتکردنەوەی شیاوێتی کاندیدەکان، کە بووە هۆی بێبەشکردنی نزیکەی هەزار کاندید، کە تێیدا ئەنجومەنەکە بڕوانامەی ٣٢٤٣ کەسی تۆمارکراوی پەسەندکرد و ٥٨ نوێنەری خولەکانی پێشووی مەجلیس بێبەش کراون، کە ٤٠یان نوێنەری خولی سێیەمی مەجلیس بوون (میرخلیلی، ١٣٩٣: ٢٠٦). زۆرینەی هەرە زۆری بێبەشکراوەکان سەر بە باڵی چەپڕەو بوون، کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی دیاری خولەکانی پێشووی

مەجلیس هەبوون، لە سەرووشیانەوە مەهدی کەروبی، سەرۆکی ئەوکاتی مەجلیس، کە خۆکاندیدکردنی لێ قەدەغە کرا (United Against Nuclear Iran, 2023).

خامەنەیی ڕێگەی بە ڕەفسەنجانی دا، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی پشکنین و فلتەرکردنی شورای پاسەوانان هەبێت، بە ئامانجی سڕینەوەی توندترین و ڕادیکاڵترین کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی. ئەم هاوئاهەنگییە پێگەی سیاسیی هاوبەشی ڕەفسەنجانی و خامەنەیی بەهێزتر کرد و ڕکابەرە ڕادیکاڵەکانی وەک هێزێکی کاریگەر لە ململانێی دەسەڵاتدا لەناوبرد (Curtis and Kerr, 2008: 57). بەمشێوەیە، شورای پاسەوانان هەنگاوی کرداری نا بۆ سڕینەوەی نەیارە چەپڕەوەکانی ڕەفسەنجانی، کە ناسراوترین کاندیدە ڕەتکراوەکان بریتیبوون لە: (سادق خەڵخاڵی، بەهزاد نەبەوی، مەهدی کەروبی، عەلی ئەکبەر موحتەشەمی پوور، و محەمەد موسەوی خوئینیها) (سینانی و اکبری، ١٤٠٠: ٢٤٩).

پێشوەختە و لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەم جۆرە لە بێبەشکردنی بەکۆمەڵ بووە هۆی دروستبوونی مشتومڕ و گرژییەکی سیاسیی قورس لە نێو کایەی سیاسیی ئێراندا، بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پێشووی مەجلیس و لایەنگرانی ڕژێم، کە هەڵگری هزری چەپ بوون، خۆیان لەبەردەم شەپۆلێکی توندی ڕەتکردنەوە یان کەمپینی دژبەردا بینییەوە (Sadeghi-Boroujerdi and Randjbar-Daemi, n.d).

لەم قۆناغەدا، ڕۆژنامەی "سەلام" وەک زمانحاڵی باڵی چەپڕەو، بەتوندی هێرشی کردە سەر شورای پاسەوانان و ڕەخنەی توندی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەم گرت. ڕۆژنامەکە چاوپێکەوتن و گوتاری ئاگرینی بڵاودەکردەوە و تێیدا دەسەڵاتی تۆمەتبار دەکرد بەوەی، کە هەوڵدەدات ئازادی سیاسی لە وڵاتدا بخنکێنێت، تا لەو ڕێگەیەوە زەمینەسازی بۆ سازانێکی داهاتوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوادا بکات (شیر علی نیا، ١٣٩٥: ٦٠٦).

دوای بڵاوبوونەوەی فەرمی هەواڵی بێبەشکردنی کاندیدەکان، ناڕەزایەتییەکان گەیشتنە لووتکە، بەشێک لە سەرکردەکان کشانەوەی "ئەنجومەنی ڕۆحانییەکانیان" لە هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاند و هەندێک لە ئەندامە ڕادیکاڵەکانیش داوای بایکۆتکردنی تەواوی پرۆسەکەیان دەکرد (شادلو، ١٣٩٢: ٢٦٦). لەم نێوەندەدا، عەلی ئەکبەر موحتەشەمی پوور حکومەتی تۆمەتبار کرد بەوەی، کە متمانەی بە دامەزراوەی مەجلیسی شورا نییە، بۆیە پەنای بردووەتە بەر سڕینەوەی پێشوەختی ناوی کاندیدەکانی باڵی چەپڕەو، کە ئەمەش بە وتەی ئەو: "شێوازێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی کاندیدەکانمان" (روزنامە سلام، ٢٤ فروردین ١٣٧١). لای خۆیەوە، موسەوی خوئینیها ڕایگەیاند، کە بوونی ئەوان لە نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا بەو مانایە نییە، کە هەموو سیاسەت و کارەکانی حکومەتەکەی ڕەفسەنجانی قبووڵ بکەن (روزنامە سلام، ١٠ فروردین ١٣٧١).

توندبوونەوەی ئەم ململانێیە تەنها لە سنووری هەڵبژاردنەکاندا نەمایەوە، بەڵکو تا حوزەیرانی ١٩٩٣، نزیکەی تەواوی ئەندامانی باڵی چەپڕەو لە پۆستە کارگێڕی و حکومییەکان دوورخرابوونەوە. مەجلیسی شورای نوێ (خولی چوارەم)، کە زۆرینەیەکی ڕەهای ڕاستڕەو کۆنترۆڵی کردبوو، هەوڵە یاساییەکانی چڕکردەوە بۆ لێدانی یەکجاری لە پاشماوەکانی باڵی چەپڕەو لە ناو جومگەکانی دەوڵەتدا.

یەکەمین کەس، کە کەوتە بەر کاریگەریی ئەم کێشمەکێشە سیاسییە، عەبدوڵڵا نوری بوو وەک یەکەمین وەزیری ناوخۆ لە حکومەتەکەی ڕەفسەنجانی. ناوبراو لە کاتی هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی مەجلیسدا، دەستیکرد بە لابردن و گۆڕینی ژمارەیەک لە پارێزگار و فەرمانڕەواکانی ناوچە جیاوازەکانی ئێران، کە بەشێکی بەرچاویان سەر بە باڵی ڕاستڕەو بوون. ئەم هەنگاوەی وەزیر گومانێکی گەورەی لای ڕاستڕەوەکان دروستکرد، ئەوان پێیان وابوو ئامانجی وەزیری ناوخۆ لەم گۆڕانکارییانە ئەوەیە فەرمانڕەوا نوێیەکان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کاریگەریی بەسوودی باڵی چەپڕەو دابنێن. سەرەڕای ناڕەزایەتی و گوشاری توندی کەسایەتی و نوێنەرانی باڵی ڕاستڕە و تەنانەت ڕاگرتنی نوێژی هەینی لە هەندێک شاردا، عەبدوڵڵا نوری پێداگریی لەسەر بڕیارەکانی کرد، ئەمەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختی لەگەڵ مەجلیسی چوارەمدا بۆ دروستکرد (شادلو، ١٣٩٢: ٢٩٨). لە لایەکی ترەوە، دەستە جێبەجێکارەکان (هیأت‌های اجرایی) ٩٠ کاندیدی باڵی چەپڕەوییان ڕەتکردەوە، هەرچەندە شورای پاسەوانان لە کۆتاییدا زۆرێک لە کاندیدە بێبەشکراوەکانی دووبارە پەسەندکردەوە و ژمارەی کاندیدە ڕەتکراوەکانی لە ٩٠ بە ٥٨ کەس کەمکردەوە (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٤٨).

لە کاتی پەرەسەندنی قەیرانی ڕەتکردنەوەی کاندیدەکاندا، مەهدی کەروبی و محەمەد مووسەوی خوئینیها سەردانی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی (سەرۆک کۆمار) دەکەن و نیگەرانیی قووڵی خۆیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەردەبڕن، ئەوان حکومەتیان تۆمەتبار کرد بەوەی، کە لە ڕێگەی ئەنجومەنی جێبەجێکردنەوە نیازی لەناوبردنی فراکسیۆنەکەیانی هەیە، هاوکات ترسی خۆیان نیشاندا، کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا دەستەی چاودێری و خودی مەجلیسی شورا خەڵکی زیاتری باڵی چەپڕەو پەراوێز بخەن. بۆیە داوایان لە ڕەفسەنجانی کرد هەنگاو بنێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە و کۆپییەکی ئەو نامەیەی، کە بۆ ڕێبەری باڵایان نووسیبوودا پێیان دا،


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

و هۆشدارییان دا، کە ئەگەر ئەم دۆخە ڕاست نەکرێتەوە، ئەوا بەشداری هەڵبژاردن ناکەن (لاهوتی، ١٣٩٤:. ٤٠).

مەهدی کەروبی، وێڕای دەربڕینی پاڵپشتیی گشتیی خۆی بۆ ڕەفسەنجانی وەک کەسایەتییەکی خاوەن ئەزموون لە جومگەکانی دەوڵەتدا (روزنامە رسالت، ٧ شهریور ١٣٦٨)، بەتوندی بەرگریی لە مافی یاسایی مەجلیسی شورا دەکرد بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، و هۆشداریی بە سەرۆک کۆمار دا، کە پێویستە هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ مەجلیسی شورادا بکات (روزنامە سلام، ١١ فروردین ١٣ )

لە بەرامبەردا، چەپڕەوەکان ئەم بێبەشکردنە بەکۆمەڵەیان وەک هەڵمەتێکی نوێی سەرکوتکاری لە دژی ڕەوتەکەیان ئیدانە کرد. ئەو کاندیدانەی باڵی چەپڕەو، کە خۆیان پاڵاوتبوو، بەهۆی پاڵپشتییە بنکەفراوانە فەرمییەکان لە کارنامەی ئابووری و سیاسیی ڕەفسەنجانی، لە پێگەیەکی جەماوەریی باشدا نەبوون ( United Against Nuclear Iran, 2023)، بۆیە کۆمیتەی سیاسیی "ئەنجومەنی ڕۆحانیانی خەباتکار" (مجمع روحانیون مبارز) نامەیەکی فەرمی پێشکەش بە ڕێبەری باڵا کرد و تێیدا نیگەرانیی خۆیان لە بێبەشکردنی ژمارەیەک لە کاندیدە دیارەکانیان لە خولی چوارەمی مەجلیس دەربڕی (روزنامە رسالت، ٩ فروردین ١٣٧١)، هاوکات نامەیەکی تریشیان ئاراستەی سەرۆک کۆمار کرد و داوایان لێکرد بە شێوەیەکی شەخسی و ڕاستەوخۆ دەستوەردان لە دۆسیەی بێبەشکردنەکاندا بکات (روزنامە رسالت، ١١ فروردین ١٣٧١).

بۆ بەدواداچوونی ئەم داواکارییە، کەروبی وەک ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی ڕۆحانییەکان دووبارە سەردانی ڕەفسەنجانی کردەوە و داوای یارمەتی لێکرد. ڕەفسەنجانیش بابەتەکەی گەیاندە لای ڕێبەری باڵا، بەڵام وەک خۆی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "ئایەتوڵڵا خامنەیی ئامادە نەبوو هاوکاریی زیاترم بکات. هێزە بێبەشکراوەکان چاوەڕوانی شەفاعەت و پاڵپشتی بوون، هەر بۆیە منیش هەوڵمدا هەردوولا ڕازی بکەم، کە ملکەچی ئیرادەی یاسا و دەنگی خەڵک بن. دواجار بە هەوڵی دکتۆر حەسەن حەبیبی لە ئەنجومەنی پاسەوانان و لە حاڵەتە سنووردارەکاندا کێشەکە چارەسەرکرا" (لاهوتی، ١٣٩٤: ١٠).

لەکاتێکدا ناڕەزایەتییەکان لەدژی شورای پاسەوانان ڕووی لە زیادبوون دەکرد، ئایەتوڵڵا ئەحمەد جەنەتی، سکرتێری ئەنجومەنەکە، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە ڕایگەیاند، کە شورا ناوی ١٨٠ کەسی پەسەند کردووە، کە پێشتر لەلایەن لیژنە جێبەجێکارەکانەوە ڕەتکرابوونەوە، و شورای پاسەوانان تەنها چوار کەسی ڕەتکردووەتەوە، کە لیژنە جێبەجێکارەکان پەسەندیان کردبوون، بەمەش شورای پاسەوانان دەیویست بڕیاری لیژنە جێبەجێکارەکان بە پووچەڵ و کەم بایەخ نیشان بدات (شیر علی نیا، ١٣٩٥: ٦٠٧).

لە کایەی ڕاگەیاندن و سیاسەتی گشتیدا، بەشێک لە ئەندامانی سەرەکیی حکومەتەکەی ڕەفسەنجانی، لە ڕێگەی نووسینی زنجیرە بابەتێک لە ڕۆژنامەی (ئیتلاعات) لە دژی سیاسەتە ئابوورییەکانی پێشووی میرحوسێن موسەوی، زەمینەی سیاسی و دەروونییان بۆ شکستی چەپڕەوەکان ئامادە کردبوو. لەم قۆناغەدا، ڕەفسەنجانی توانی تەکنۆکراتەکانی ناو دەسەڵات بەکاربهێنێت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی تاکتیکی لەگەڵ باڵی ڕاستڕەو بە مەبەستی سڕینەوە و نەهێشتنی چەپڕەوەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٤٨). ئەم هاوپەیمانییە تاکتیکییە وایکرد باڵی چەپڕەو لە بیروڕای گشتیدا بەتەواوی گۆشەگیر بێت، بە جۆرێک لە سەرانسەری ئێراندا باڵی چەپڕەو تەنیا توانی چل نوێنەر بنێرێتە ناو مەجلیس، و لە تارانیش زۆربەی دەنگەکان بۆ لیستی ڕکابەری ئەوان بوو (زارعی و فوزی، ١٣٩٥: ١٠٨).

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆشەگیرکردنەدا، عەلی خامنەیی لە وتاری نوێژی هەینیدا بە توندی هێرشی کردە سەر سەرکردە چەپڕەوەکان و بە "فیتنەچی" ناوی بردن و ڕایگەیاند: "ئەوانەی فیتنەیان بڵاوکردەوە و ڕاستییان لە چاوی خەڵک شێواند، چۆن خەڵک ئامادەیە دەنگیان پێبدات؟ فیتنەگەران دەبێت بناسرێن و خەڵک متمانەیان پێ نەدات" (روزنامە کیهان، ١٧ و ١٨ فروردین ١٣٧١).

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم لێدوانە توندانەی ڕێبەری باڵا، مەهدی کەروبی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیدا بە ڕەفسەنجانی ڕادەگەیەنێت، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕۆحانییەکان بڕیاریداوە بە تەواوی بکشێتەوە و کەس بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید نەکات. ڕەفسەنجانیش دەڵێت: "ئەم پەیامەم بە ئایەتوڵلا خامنەیی گەیاند و پێم وت دەبێت ڕێگری بکەین لە بڵاوبوونەوەی ناکۆکی" (لاهوتی، ١٣٩٤: ٤٥).

ئەم پرۆسەی پەراوێزخستنە سیستماتیکییەی فراکسیۆنە سیاسییەکان، لە ڕاستیدا لادانێکی ڕوون بوو لەو هاوسەنگییە سیاسییەی، کە خومەینی لە سەردەمی خۆیدا پەیڕەوی دەکرد، کاتێک هەموو کوتلە ململانێکارەکانی لە ناو کایەی سیاسیدا دەهێشتەوە، بەڵام لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکان و لە غیابی کاریزما و دەسەڵاتی ئاینی-سیاسیی خومەینیدا، سەرکردایەتیی نوێ لەو پراکتیزە ڕابردووە لایدا تا بتوانێت گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییە دڵخوازەکانی خۆی دەستەبەر بکات (Şen, 2013:193).

دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەک پێداچوونەوە بە دۆسیەی هەندێک لە کاندیدە بێبەشکراوەکاندا (لاهوتی، ١٣٩٤: ٣٨-٦٦)، کێشەی

بەشێک لە کاندیدە چەپڕەوەکان چارەسەرکرا و بروانامەی شیاوێتی کاندیدە بەناوبانگەکان وەرگیرایەوە، لە کاتێکدا لە ڕووی لۆجیستییەوە ڕاگەیەندرا، کە لە کۆی ٢٠٥٠ کاندید لە سەرتاسەری ئێران، تەنها ٢٧٠ کەس دەچنە نێو مەجلیس، کە ٣٠ کەسیان پشکی تاران بوون و مەرجی سەرکەوتنیش بەدەستهێنانی لانیکەم یەک لەسەر سێی دەنگەکان بوو (ڕۆژنامە ڕسالت، ١٦ فروردین ١٣٧١). لەگەڵ ئەوەی کێشەی یاسایی کاندیدە بێبەش کراوەکان چارەسەر بوو، بەڵام بەشێکی زۆری سەرکردە و لایەنگرانی چەپڕەو بەشداریی ڕاستەقینەیان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد و دەنگیان نەدا (لاهوتی، ١٣٩٤: ١٠).

سەرەنجام، دوای زنجیرەیەک ڕاوێژکردنی چڕ لەگەڵ ڕێبەری باڵا و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی ناوەندی، "ئەنجومەنی ڕۆحانییەکانی تاران" بڕیاری کۆتایی خۆی بۆ بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاگەیاند (شادلو، ١٣٩٢:. ٢٦٦) و بەیاننامەیەکی فەرمی پێشوەختیان بۆ بەشداریکردنی لیستی پیاوانی ئاینی (ڕۆحانییەکان) بڵاوکردەوە (ملکی، ١٣٩٩: ٢٠٠-٢٠١). ئەم لیستەی ڕۆحانییەکان لەلایەن چەندین گرووپ و ڕێکخراوی سیاسیی و پیشەیی ترەوە پاڵپشتی لێکرا، کە دیارترینیان بریتی بوون لە: (سازمانی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی، کۆمەڵەی ئیسلامی مامۆستایانی ئێران، کۆمەڵەی ئیسلامی ئەندازیاران، دەفتەری تەحکیمی وەحدەت، و کۆمەڵەی ئیسلامی مامۆستایانی زانکۆ) (شادلو، ١٣٩٢: ٢٧٢).

دواجار بڕیاردرا هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی مەجلیسی شورا لە ١٠ی نیسانی ١٩٩٢دا ئەنجام بدرێت (ڕۆژنامە ڕسالت، ١٧ فروردین ١٣٧١). لەم قۆناغەدا، کۆمەڵەی ڕۆحانییەکان بەرگری و پشتیوانیی خۆیان بۆ حکومەت دووپاتکردەوە و بە دروشمی "پەیڕەوکردنی هێڵی ئیمام، گوێڕایەڵی لە سەرکردایەتی و پشتیوانیکردنی ڕەفسەنجانی" چوونە ناو گۆڕەپانی ململانێی هەڵبژاردنەکانەوە. لەم هەنگاوەدا، کۆمەڵێک گرووپ و ڕێکخراوی هاوتەریب پاڵپشتیان لێکردن، لەوانە: (کۆمەڵەی یەکگرتووی ئیسلامی -جامعه ائتلاف اسلامی، کۆمەڵەی بانگەوازی ئیسلامیی تاران، کۆمەڵەی ئەندازیاران، کۆمەڵەی ئیسلامیی ئەکادیمیستانی زەینەب، و کۆمەڵەی سەندیکا و بازاڕییەکان) (ڕۆژنامە جمهوری اسلامی، ١٦ فروردین ١٣٧١).

لە ڕووی ئامارییەوە، لە کۆی گشتی ٣٢,٤٦٥,٥٥٨ کەس، کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ١٨,٧٦٧,٠٤٢ کەس بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد، بەمەش ڕێژەی بەشداریی سیاسی لە ٥٠%ی تێپەڕاند، کە بۆ ئەو قۆناغە ئاستێکی بەرچاو و گرنگ بوو (محمودی نیا، ١٣٩٠، ص. ٧٥).

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنێکی بێوێنە و پێشبینیکراوی بۆ باڵی ڕاستڕەو بەدەستهێنا. لە بازنەی دەنگدانی تاران، نزیکەی تەواوی کاندیدەکانی باڵی ڕاستڕەو لە خولەکانی یەکەم و دووەمدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و چوونە ناو مەجلیس، لە بەرانبەردا، هیچ کام لە کاندیدەکانی لیستی چەپڕەو نەیانتوانی کورسیی مەجلیس مسۆگەر بکەن، بە جۆرێک جگە لە دوو کاندیدی لیستی ڕاستڕەو، سەرجەم کاندیدەکانیان سەرکەوتن. لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا، کە لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٩٢دا بەڕێوەچوو، باڵی ڕاستڕەو توانی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی مەجلیسی شورا بەدەستبهێنێت. بەم شێوەیە باڵی چەپڕەو دەسەڵاتی زۆرینەی لەدەستدا و تەنها نزیکەی ٤٠%ی ئەندامانی مەجلیسی پێکهێنا، کە لەو قۆناغە بەدواوە لە کایەی سیاسیدا ناوی "کەمینە" یان "باڵی چەپڕەو"یان بەسەردا بڕا (شادلو، ١٣٩٢: ٢٧٦-٢٧٧؛ Mohammadi, 2014:11-12).

دوای ڕاگەیاندنی فەرمی ئەنجامەکان، باڵی ڕاستڕەو ئەم دەستکەوتەی وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئێران و هەنگاوێکی گرنگ بۆ خێراکردن و باشترکردنی پرۆسەی بونیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوە وەسف کرد. بەڵام باڵی چەپڕەو هەڵوێستێکی ساردی نیشاندا و ڕێژەی بەشداریکردنی گشتیی بە کەمتر لە ئاستی ئاسایی لەقەڵەمدا، و شکستی خۆشیانی بۆ ئەو شەپۆلە توندەی پڕوپاگەندە و تانەدانە گەڕاندەوە، کە ئاراستەی سەرکردەکانیان کرابوو (شادلو، ١٣٩٢: ٢٧٨). لەم چوارچێوەیەدا، عەلی ئەکبەر ناتق نووری ڕایگەیاند: "ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوت، میللەت بوو. ئێمە چەند دژایەتی سەرمایەداری دەکەین، ئەوەندەش دژایەتی سۆسیالیزم دەکەین. لە ڕوانگەی ئێمەوە، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا، بە لەبەرچاوگرتنی باروودۆخی مێژوویی و واقیعەکان، نزیکە لە مەحاڵەوە" (ڕۆژنامە ڕسالت، ٢٥ فروردین ١٣٧١).

هەربۆیە، لە ڕوانگەیەکی شیکارییەوە، گرنگترین کێبڕکێ و دابەشبوونی سیاسی لەم هەڵبژاردنەدا لە نێوان "کۆمەڵەی ڕۆحانییەکان" (باڵی ڕاستڕەو) و "ئەنجومەنی ڕۆحانییەکان" (باڵی چەپڕەو) چڕ بووەوە. لایەنی چەپڕەوی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕۆحانییەکان، کە پێشتر زۆرینەی ڕەهای خولی سێیەمی مەجلیسیان لەدەستدا بوو، هەموو هەوڵێکیاندا بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان لەم دامەزراوەیەدا، بەڵام چەندین فاکتەری ناوخۆیی و پێکهاتەیی بوونە هۆی پاشەکشە و شکست هێنانیان (طاهرپور، ١٣٩٦: ٤٩).

**هۆکارەکانی شکستی باڵی چەپڕەو دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:**

**یەکەم:** پاڵفتەکردنی شورای پاسەوانان و هێرشی ڕاگەیاندن: ڕێوشوێنە توندەکانی شورای پاسەوانان لە ڕەتکردنەوەی شیاوێتی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

کاندیده چەپڕەوەکان کاریگەریی سەرەکی هەبوو. هاوکات، پڕوپاگەندەی نەرێنی و توندڕەوانەی باڵی ڕاستڕەو ناوبانگی سیاسیی کەسایەتییەکانی چەپڕەوی لەکەدار کرد، ئەمەش وایکرد تەنانەت ئەو کاندیده چەپڕەوانەشی، کە بڕوانامەی شیاوێتییان پشتڕاستکرابووەوە، نەتوانن دەنگی پێویست بەدەستبهێنن (شادلو، ١٣٨٥: ٨٠-٨١).

**دووەم:** بێزاریی گشتی لە سیاسەتە کولتووری و ئابوورییەکان: سیاسەتە کلتورییە توندڕەوەکانی باڵی چەپڕەو لە ڕابردوودا بووە هۆی بێزارکردنی بەشێکی فراوانی کۆمەڵگە. هەروەها ململانێی بەردەوامی ئەوان لەگەڵ بازرگانانی بازاڕی نەریتی و کەرتی تایبەت، پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییانی لاواز کرد. لە بەرانبەردا، بەڵێنەکانی ڕەفسەنجانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانییەکانی دوای جەنگ، ئازادکردنی ئابووری و کرانەوە بەڕووی جیهاندا، سەرنجی چینی مامناوەندی نوێی ڕاکێشا، ئەم چینە، کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی گونجاوەوە بایکۆتی پرۆسەکەیان کردبوو، لەم خولەدا بڕیاریاندا دەنگ بە لایەنگرانی ڕەفسەنجانی بدەن بەو هیوایەی مەجلیسی نوێ هاوکاری سەرۆک کۆمار بێت لە جێبەجێکردنی پلانەکانیدا (Mohammadi, 2014: 11-12).

**سێیەم:** ناڕەزایەتی بەرانبەر بە سیاسەتی دەرەوە و ناکۆکیی دەسەڵاتەکان: ڕەخنە بەردەوامەکانی باڵی چەپڕەو لە سیاسەتی ئابووریی کراوەی حکومەت و نەیاریکردنیان لەگەڵ دیپلۆماسییەتی کرانەوەی دەوڵەت (بەتایبەت ئەگەری پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و هەڵوێستی حکومەت لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت)، شانبەشانی پڕوپاگەندەی میدیا دەرەکییەکان لە دژی توندڕەوی کارنامەکەیان، پێگەی ئەوانی لای جەماوەر لاواز کرد (شادلو، ١٣٩٢: ٢١٩). لە لایەکی ترەوە، بوونی ناکۆکی قووڵ لە نێوان زۆرینەی چەپڕەوی خولی سێیەمی مەجلیس و حکومەتەکەی ڕەفسەنجانی، وایکرد، کە چەپڕەوەکان وەک بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم پڕۆژەکانی بەتایبەتیکردن (خصوصی‌سازی)، هاندانی وەبەرهێنان و بازرگانی ئازاد نیشان بدرێن، کە ئەمانەش تەواو پێچەوانەی ڕێبازی کلاسیستی باڵی چەپڕەو بوون (النعیمی، ٢٠٠٩: ١٣٤).

پرۆسەی پاشەکشە و دارمانی پێگەی سیاسیی باڵی چەپڕەو، کە ڕەگەکەی بۆ قۆناغی کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران-عێراق دەگەڕایەوە، لەم قۆناغەدا بەردەوامیی هەبوو. لەم چوارچێوەیەدا، لە کۆی سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی پێکهێنەری دەوڵەت، هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) و دەسەڵاتی دادوەری لە ژێر کۆنترۆڵی باڵی چەپڕەو دەرچوون، تەنها دەسەڵاتی یاسادانان (مەجلیسی شورا) بە سەرۆکایەتی مەهدی کەروبی، کە زۆرینەی لە نوێنەرانی چەپڕەو پێکهاتبوو، وەک دوایین پێگەی بەهێزی ئەم باڵە مابووەوە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی ١٩٩٢، ئەم دامەزراوەیەش لەلایەن باڵی ڕاستڕەوەوە دەستی بەسەردا گیرا و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی مەجلیسەوە، باڵی ڕاستڕەو سەرکەوتنێکی ڕەهای بەدەستهێنا و ڕێگری لە چوونی زۆربەی کاندیده چەپڕەوەکان بۆ ناو مەجلیس کرا (سینانی و اکبری، ١٤٠٠: ٢٤٩).

سەبارەت بەم گۆڕانکارییە، ڕەفسەنجانی لە وتاری نوێژی هەینیدا بە ئاراستەیەکی ئاشتەواییانە ڕایگەیاند: "ئەوانەی دەنگیان نەهێناوە، دەبێت ئامادە بن لە شوێنی دیکەوە خزمەت بکەن، مەیدانی خزمەت زۆر فراوانە و جێگا بۆ ئەوانیش هەیە" (روزنامە رسالت، ٢٩ فروردین ١٣٧١).

خولی چوارەمی مەجلیسی شورا لە ٢٨ی ئایاری ١٩٩٢دا بە فەرمی دەستبەکاربوو، تێیدا کاندیدەکانی کۆمەڵەی ڕۆحانییەکان زۆرینەی کورسییەکانیان مسۆگەر کرد (دولت آبادی، ١٣٨٧: ١٧٨؛ روزنامە کیهان، ٦ خرداد ١٣٧١). لە ڕووی پێکهاتەی هێزەوە، کورسییەکانی مەجلیس لە ١١٠ ئەندامی باڵی ڕاستڕەو، ٤٠ ئەندامی باڵی چەپڕەو و ١٠٠ ئەندامی فراکسیۆنی سەربەخۆ پێکهاتبوو، کە بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت زۆرینەی سەربەخۆکانیش مەیلیان بۆ باڵی ڕاستڕەو هەیە، هاوکات ٨٣ ئەندامی خولی سێیەم توانیبوویان بێنە ناو ئەم خولە نوێیە (طاهرپور، ١٣٩٦: ٤٩). لە ڕێسای پۆستە سەرکردایەتییەکاندا، عەلی ئەکبەر ناتق نووری وەک سەرۆکی مەجلیس، و حەسەن ڕۆحانی و عەلی ئەکبەر پەروەرش وەک جێگرانی یەکەم و دووەمی سەرۆک دەستنیشان کران (قاسمی، ١٣٩٥: ٢١٩).

دوای مسۆگەرکردنی ئەم زۆرینە ڕەهایە، باڵی ڕاستڕەو بە مافی یاسایی و سیاسیی خۆی دەزانی، کە کۆنترۆڵی کابینەی حکومەت بکات، یاخود لانیکەم وەزیرە سەرەکییەکان دیاری بکات. یەکەمین کێبڕکێی ناوخۆیی لە نێوان کوتلەکانی هاوپەیمانیی نوێ لەسەر دیاریکردنی سەرۆکی مەجلیس سەریهەڵدا، کاتێک نوێنەرانی باڵی ڕاستڕەوی نەریتی دەنگیان لە بەرژەوەندیی ناتق نووری دا، لە کاتێکدا لایەنگرانی باڵی تەکنۆکرات و پراگماتیستەکان حەسەن ڕۆحانییان بۆ ئەو پۆستە کاندید کردبوو. دواجار، هەڵبژاردنی ناتق نووری وەک سەرۆکی مەجلیس، باڵادەستیی تەواوی باڵی ڕاستڕەوی بەسەر هاوپەیمانە تەکنۆکراتەکانی حکومەتدا سەلماند (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٤٧).

بەم شێوەیە پراگماتیستەکان و ڕاستڕەوەکان بە سەرکەوتنیان لە مەجلیس، کۆنترۆڵی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانیان گرتە دەست. سەرۆک کۆمار پێی وابوو کەمبوونەوەی گرژیی نێوان دامەزراوەکانی پێشوو و نوێ دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەتەکەی (Milani, 2007: 96)، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانکارییە، ڕەفسەنجانی لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە ئاڵانگاری دەکات و دەڵێت: "چاوەڕوان دەکرا لەگەڵ کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن و دەستپێکردنی کارەکانی مەجلیسی شورا، کە بە دروشمی پشتیوانیکردن لە حکومەت دەنگی بەدەستهێنابوو، پشوویەک هەبێت، بەڵام زۆر پرسی درێژخایەن و کێشەساز هاتنە ئاراوە. لە مانگەکانی یەکەمی چالاکیی مەجلیسدا، پرسی هەڕەشەکردن و لێپێچینەوە لە وەزیرەکان وروژێنرا، کە بە ڕاوێژ و گفتوگۆ چارەسەرمانکرد. لە کەرتی ڕۆشنبیریی حکومەتیشدا، بەهۆی زۆربوونی فشارەکانەوە، دواجار ڕازی بووم بە دەستلەکارکێشانەوەی محەمەد خاتەمی، وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی" (لاهوتی، ١٣٩٢: ١١).

یەکێکی تر لە کایە گرنگەکانی ململانێی سیاسی لە نێوان باڵەکاندا، لەسەر سەرکردایەتیی دەسەڵاتی دادوەری بوو. باڵی چەپڕەو بە پاڵپشتیی بۆچوونەکانی ئەحمەد خومەینی، هەوڵی دەدا کەسایەتییەکی وەک محەمەد موسەوی خوئینیها لەو پۆستەدا دابنرێت، بە پێچەوانەوە، خامنەیی مەیلی بەلای محەمەد یەزدی

(سەرکردەی باڵی ڕاستڕەو)دا بوو. پێشتر باڵی چەپڕەو ناڕەزایەتیی توندیان دەربڕیبوو کاتێک ڕێبەری باڵا، محەمەد یەزدی کردبوو بە ئەندامی شورای پاسەوانان دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی مەجلیسدا شکستی هێنابوو (شیرعلی نیا، ١٣٩٢: ٥٦١-٥٦٢). دواجار لە ٢٤ی ئابدا، ڕێبەری باڵا بە فەرمی محەمەد یەزدی وەک سەرۆکی نوێی دەسەڵاتی دادوەری لە شوێنی عەبدولکەریم موسەوی ئەردەبیلی دەستنیشان کرد. موسەوی ئەردەبیلی بەم لادانە ڕازی نەبوو، بۆیە سەردانی ڕەفسەنجانی کرد و ناڕەزایەتیی قورسی خۆی لەسەر دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی دەربڕی، لە بەرانبەردا ڕەفسەنجانی پێی ڕادەگەیەنێت: "خۆتان پێشنیاری دەستلەکارکێشانەوەتان کردبوو، دەنا ئایەتوڵڵا خامنەیی دەستپێشخەریی نەدەکرد" (لاهوتی، ١٣٩١: ٢٧٨).

کۆدەنگی و هاوکاریی نێوان خولی چوارەمی مەجلیس و مەیلی ڕاستڕەوی حکومەتەکەی ڕەفسەنجانی زۆری نەخایاند، چونکە ناکۆکی و ململانێی سیاسی لە نێوان جووڵانەوە ڕاستڕەوە نەریتییەکان و باڵی میانڕەو (پراگماتیستەکان) لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢ و درێژەی ساڵی ١٩٩٣دا چڕتر بووەوە (طاهرپور، ١٣٩٦: ٥١). مەجلیسی نوێ ئامرازی لێپێچینەوە و کارتی متمانەسەندنی لە دژی چەندین وەزیری کابینەکەی ڕەفسەنجانی بەکارهێنا، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

- **لێپێچینەوە ئەنجامدراوەکان:** ئیرەج فازڵی وەزیری تەندروستی لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا و لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. محەمەد عەلی نەجەفیی وەزیری پەروەردە و محەمەد سەعیدکیا وەزیری ڕێگاوبان و گواستنەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە بوونەوە، بەڵام سەعیدکیا توانی بە جیاوازیی یەک دەنگ (١٢٢ دەنگی ئەرێنی بەرانبەر ١٢١ دەنگی نەرێنی) لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە (فاضلی بیرجندی، ١٣٩٥: ١٤٢-١٤٣).
- **فشارەکان لەسەر وەزارەتە خزمەتگوزاری و ئابوورییەکان:** دروستکردنی فشاری بەردەوام لەسەر غولامڕەزا فرووزش، وەزیری جیهادی سازەندگی، ئەم دامەزراوەیە شۆڕشگێڕییە بە فەرمانی خومەینی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٩ بە ئامانجی پەرەپێدانی گوندەکان دامەزرابوو تا سوود لە شارەزایی خوێندکاران وەربگرێت، لە کاتی شەڕیشدا گوازرایەوە بۆ ئەندازیاری سەربازی و دواتر لە ساڵی ١٩٨٣دا تێکەڵ بە بیرۆکراسی دەوڵەت بوو و بوو بە وەزارەت (آمانت، ١٤٠٠: ٩٨٣). هاوکات فشارەکان تانەدان لە موحسین نوربەخشی وەزیری ئابووری و دارایی بەهۆی نەبوونی متمانەی مەجلیس بە سیاسەتەکانی، و فشار خستنە سەر محەمەد هاشمی (بەرپرسی پەخشی دەنگ و ڕەنگی ئێران)ی گرتەوە.
- **دەستلەکارکێشانەوەی محەمەد خاتەمی:** سەید محەمەد خاتەمی (کە لە ساڵی ١٩٨١ەوە لە کەیهان بوو و دواتر بووە وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی)، بەهۆی جیاوازیی قووڵی بیروڕای لەگەڵ ڕێبەری باڵا و جەختکردنەوەی لەسەر ئازادیی چاپەمەنی و کولتووری، کەوتە ژێر قورسترین شەپۆلی فشاری موحافیزکارانی مەجلیسی خولی چوارەم، ئەم دۆخەش دواجار بووە هۆی پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمی خۆی لە پۆستەکەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢دا (طاهرپور، ١٣٩٦: ٥١).

سەرەڕای ئەوەی باڵی چەپڕەو زۆرجار ناڕەزایەتییەکانی خۆی دەگەیاندە ڕێبەری باڵا و سەرۆک کۆمار، بەڵام ململانێکان بەردەوام بوون. چەپڕەوەکان بە باشیان دەزانی، کە لەم قۆناغەدا زۆرترین سوود لە پێگەی خۆیان لە مەجلیسی شورادا وەربگرن، چونکە مەجلیس تاکە بنکەی بەهێزی ئەوان بوو بۆ گەیاندنی ڕەخنە و گلەییەکانیان لە باڵی ڕکابەر. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی دوورخستنەوەی کادیرەکانیان بەردەوام بوو، ئەمەش وردە وردە چەپڕەوەکانی بەرەو پەراوێزکەوتنی تەواو برد (شادلو، ١٣٩٢: ٢٥٤).

ئەم پرۆسەی سڕینەوەیە، سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێی باڵی چەپڕەوی لەگەڵ حکومەتەکەی ڕەفسەنجانیدا هێنایە ئاراوە، بە جۆرێک ئەوان هەموو پرسەکانی وڵاتیان، بە تایبەت کێشە ئابوورییەکان، وەک کارتێکی گوشار بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەدای دەوڵەت بەکارهێنا (شادلو، ١٣٩٢: ٢٥٤). دوای دەرکردنی بەشێکی زۆری چەپڕەوی ئیسلامی لە جومگەکانی دەسەڵات، ڕەفسەنجانی ناچار بوو بۆ ڕازیکردنی نەیارەکانی، کۆنترۆڵ و سەروەریی کایە کولتووری و فیکرییەکان پێشکەشی باڵی ڕاستڕەوی نەریتی (سەرۆکایەتی محەمەد یەزدی لە دادوەری و ناتق نووری لە مەجلیس) بکات (Sadeghi-Boroujerdi and Randjbar-Daemi, 2017).

دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا، دابڕانی سیاسیی باڵی چەپڕەو کاتێک گەیشتە لوتکە، کە سەید محەمەد خاتەمی، وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٩٢دا و دوای دە ساڵ لە بەڕێوەبردنی ئەو وەزارەتە، بەهۆی فشارەکانەوە دەستی لە کار کێشایەوە(خواجەسروری، ١٣٨٢: ٢٤٨؛ لاهوتی، ١٣٩٢: ١١).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، پاکتاوکردنی سیستماتیکی باڵی چەپڕەو لە خولی چوارەمی مەجلیسدا (١٩٩٢)، دەرئەنجامی هاوپەیمانییەکی تاکتیکی بوو لە نێوان خامنەیی و ڕەفسەنجانیدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی ئامرازی دامەزراوەیی بوو (لە ڕێگەی شورای پاسەوانانەوە) بۆ گۆڕینی نەخشە و هاوسەنگیی هێز، بە مەبەستی لادانی ئەو ڕەوتە ڕادیکاڵەی، کە ببووە بەربەست لە بەرامبەر سیاسەتە ئابووری و دەرکییە نوێیەکانی دەوڵەت. شکستی چەپڕەوەکان تەنها بەهۆی پاڵفتەی یاساییەوە نەبوو، بەڵکو بیزاریی گشتی کۆمەڵگە لە ڕادیکاڵیزمی فەرهەنگی و پێویستیی چینی ناوەندی نوێ بۆ ئازادکردنی ئابووری، شەرعییەتی جەماوەریی لەو باڵە سەندەوە. ئاکامی ئەم قۆناغە بە هەڵوەشانەوەی کۆدەنگیی کلاسیکی سەردەمی خومەینی و هەنگاونان بەرەو تاکجەمسەریی سیاسی کۆتایی هات.

## تەوەری دووەم: قوڵبوونی ناڕۆشنی کێشمەکێشی پێکهاتەیی لەنێوان ڕاستڕەوی نەریتی و ڕاستڕەوی مۆدێرندا لەسەردەمی کابینەی دووەمی ڕەفسەنجانیدا.

پاش لادان و پەراوێزخستنی سیستماتیکی باڵی چەپڕەوی ئیسلامی لە جومگەکانی بڕیاردان و یاسادانانی ئێران لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، کایەی سیاسیی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە جەمسەرگیری. ئەم گۆشەگیرییە ئەگەرچی ڕواڵەتی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دەسەڵاتی بۆ باڵەکانی ڕاست چۆڵ کرد، بەڵام هاوکات بووە هۆی تەقینەوەی درزی فیکری و ئابووری لە ناوخۆی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان خۆیاندا.

سەرهەڵدانەوەی ئەم قۆناغە بە مانای چەسپاندنی باڵادەستیی باڵەکانی ڕاست بوو، کە لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەنی کارنامەیەکی جیاواز بوون لە چەپڕەوەکان و هەوڵی کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە بازاڕ و بەهێزکردنی کەرتی تایبەتیان دەدا. لەم چوارچێوەیەدا، گۆڕانکاریی فیکریی ناو هێزەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی چەمکە نوێیەکانی وەک "چەپی مۆدێرن" و "ڕاستی مۆدێرن" لە فەرهەنگی سیاسیی ئێراندا (ئەبوبەکر، ٢٠٢٢: ٦٢). بۆ بەرچاوڕوونی و یەکلاکردنەوەی ئەم چەمکە سیاسییانەی ناو سەرچاوە ئێرانییەکان، پێناسی زانستیی ئەم ڕەوتانە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

- چەپی مۆدێرن (چاکسازیخوازەکانی دواتر / ئیسلاحتەڵەبەکان) :ڕەوتێک بوو، کە لە جەختکردنەوە لەسەر ئابووریی دەوڵەتی و دروشمی ڕادیکاڵی کلاسیستی پاشەکشەی کرد و زیاتر ڕووی لە چەمکەکانی وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیی ڕادەربڕین، گەشەی سیاسی و مۆدێرنەکردنی کایە کۆمەڵایەتییەکان کرد، کە دواتر زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چاکسازیخوازی (اصلاح‌طلبان) خۆشکرد (کناری، ١٣٩٩: ١١١).
- ڕاستیڕەوی مۆدێرن (تەکنۆکراتەکان / پراگماتیستەکان) : ئەم ڕەوتە زیاتر بە باڵی تەکنۆکرات و پراگماتیستەکانی دەوروبەری ڕەفسەنجانی دەناسرێنەوە. ئەوان بە پێچەوانەی "ڕاستی نەریتی" (کە نوێنەرایەتی هاوپەیمانیی کلاسیستی بازاڕ و مزگەوتی دەکرد)، جەختیان لەسەر ئازادکردنی ئابووری، بەتایبەتکردن، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و بەکارهێنانی پسپۆڕی و میکانیزمە مۆدێرنەکان دەکردەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لە کاتێکدا لە ڕووی سیاسییەوە پابەندی چوارچێوەی گشتیی کۆماری ئیسلامی بوون (مطهرنیا، ١٣٨٧؛ میرخلیلی، ١٣٩٣: ٢٠٧)

بەم شێوەیە، مردنی خومەینی و سەرکەوتنی ڕەفسەنجانی نیشانیدا، کە لایەنی پراگماتیست و موحافیزکارەکان لەم قۆناغە نوێیەی ململانێی دەسەڵاتدا بەسەر چەپڕەوی ڕادیکاڵدا سەرکەوتوون (Rakel, 2008: 69).

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتی دووەمی ڕەفسەنجانیدا، ئەگەرچی باڵی ڕاستڕەوی نەریتی توانی پێنج وەزارەتی نوێ (جگە لە وەزارەتەکانی پێشوو) کۆنترۆڵ بکات و دەنگی متمانەی مەجلیس بۆ وەزیرەکانی مسۆگەر بکات، بەڵام دەستبەرداری ململانێی سیاسی لە دژی تەکنۆکراتەکانی ناو جێبەجێکردن نەبوو (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٥٢). پێکهاتەی ناوخۆیی حکومەتەکە ئەگەرچی بە ڕواڵەت یەکگرتوو بوو، بەڵام لە هەناویدا ناکۆکی قووڵی لە نێوان ڕاستی نەریتی و ڕاستی مۆدێرندا هەڵگرتبوو، ئەم ناکۆکییەش زیاتر لە فۆڕمی ململانێی ئابووری و دامەزراوەیی لە نێوان دەوڵەت و مەجلیسی شورادا بەردەوامیی هەبوو (حسینی و دیگران، ١٤٠٤: ٢٥٢).

بەم شێوەیە، تەکنۆکراتەکان و حکومەتی ڕەفسەنجانی ناچاربوون لە یەک کاتدا لە دوو بەرەی جیاوازەوە خەباتی سیاسی بکەن:

- **بەرەی چەپڕەوی ئیسلامی:** ئەم بەرەیە لە ڕێگەی ئۆرگانە سەرەکەییەکەیەوە، کە ڕۆژنامەی "سەلام" بوو، بە بەردەوامی هێرشی دەکردە سەر خاڵە ستراتیژییەکانی داڕشتنی سیاسەتی حکومەت، و بۆ ڕێگریکردن لە سزادانی یاسایی بە خێرایی پاشەکشەی دەکرد و پاش ئارامبوونەوەی دۆخەکە دووبارە هێرشە ڕۆژنامەوانییەکانی دەستپێدەکردەوە. هاوکات، دووهەفتەنامەی (عصر ما) وەک ئۆرگانی فەرمیی "ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی" هەمان ستراتیژی پەیڕەو دەکرد. گرووپە چەپڕەوەکان لەم قۆناغەدا ستراتیژی خۆیان گۆڕی، لە جیاتی ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ لە جومگەکانی دەسەڵاتدا، سەرنجی خۆیان خستە سەر پەروەردەکردنی کادیران لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان، و توانیان کۆمەڵە خوێندکارە ئیسلامییەکانی سەر بە "نووسینگەی بەهێزکردنی یەکێتی" (دفتر تحکیم وحدت) لە دژی سیاسەتەکانی حکومەت کۆبکەنەوە (خواجەسروری، ١٣٨٢ : ٣٥٢).
- **بەرەی ڕاستی نەریتی:** ئەم بەرەیەش، کە زۆرینەی مەجلیس و دامەزراوە ئایینییەکانی لەدەستدا بوو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی لێپێچینەوە و بەربەستکردنی پڕۆژە ئابوورییەکان، هەوڵی سنووردارکردنی دەسەڵاتی تەکنۆکراتەکانی دەدا (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٥٢).

کاتێک کابینەی حکومەتی دووەمی ڕەفسەنجانی لە هاوینی ١٩٩٣دا پێشکەشی مەجلیس کرا، باڵی چەپڕەو دەستی بە مانۆڕێکی سیاسی کرد و لە باڵی ناوەندگەرا (تەکنۆکراتەکان) نزیک بووەوە، بە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی فشارە قورسەکانی باڵی ڕاستڕەو، کە دەیویست مەرجەکانی خۆی بەسەر ڕەفسەنجانیدا بسەپێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی نێوان چەپڕەو و باڵی ناوەند هێندە قووڵ بوون، کە بەم مانۆڕە تاکتیکییە چارەسەر نەکران. لە هەمان کاتدا، باڵی چەپڕەو ڕووبەڕووی تێکهەڵچوونی زارەکی و میدیایی قورس بووەوە لەگەڵ باڵی "حزبوڵڵا"، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی تێڕوانینی چەپڕەوەکان بوو، کە لە پرسە ناوخۆیی و کولتوورییەکاندا بژاردەی لیبڕاڵیان پێش دەخست (برزین، ٢٠٠٠: ٨٥).

دواجار لە ٢٧ی تەموزی ١٩٩٣دا، زۆربەی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی کابینەی دووەم دەنگی متمانەی مەجلیسی شورای بەدەستهێنا، جگە لە موحسین نووربەخش، کە بۆ پۆستی وەزارەتی کاروباری ئابووری و دارایی کاندید کرابوو. ڕەفسەنجانی بۆ دەربازبوون لەم تەنگژەیە، دەستبەجێ فەرمانێکی سەرۆکایەتی دەرکرد و نووربەخشی وەک جێگری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئابووری دەستنیشان کرد، و لە فەرمانێکی تردا محەمەد جەواد وەهاجی بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری ئابووری و دارایی ڕاسپارد (بیرجندی، ١٣٩٥: ٢٤٧-٢٤٨). بەم هەنگاوە، حکومەت یەکەم وێستگەی ناکۆکیی ئاشکرای لەگەڵ زۆرینەی خولی چوارەمی مەجلیسدا تۆمار کرد، کە دواتر زەمینەی بۆ پێکهێنانی قەوارەی تەکنۆکراتی "حیزبی کارگوزارانی سازندگی" لە کۆتایی خولی چوارەمی مەجلیسدا خۆشکرد (میرخلیلی، ١٣٩٣: ٢٠٧). سەرەنجام کابینەی نوێ لە ١٩ی ئابی ١٩٩٣دا یەکەمین

کۆبوونەوەی فەرمیی خۆی ئەنجامدا و دەستی بەکارەکانی کرد (روزنامه اطلاعات، ١٣٧٢).

ڕەفسەنجانی هۆشداریی توندی دایە فراکسیۆنە توندڕەوەکان، کە پێویستە واز لە بەرتەسکخوازیی سیاسی بهێنن لە پێناو جێبەجێکردنی بەرنامەی بووژانەوەی ئابووری، چونکە ململانێ کوتلەییەکان بووبوونە ڕێگر لەبەردەم چاکسازییەکانیدا. لە کاتێکدا ڕادیکاڵەکان جەختیان لەسەر بەردەوامیی دروشمی دژایەتی ئیمپریالیزم و پشتبەستنی ڕەها بە سەرچاوە ناوخۆییەکان دەکردەوە، پراگماتیستەکانی سەر بە ڕەفسەنجانی پێیان وابوو ئاوەدانکردنەوەی وڵات بەبێ کرانەوەی وریای دیپلۆماسی لەگەڵ ڕۆژاوادا شکست دەهێنێت. لەم نێوەندەدا، خامەنەیی هێڵێکی ناوەندی گرتەبەر و ڕایگەیاند، کە ئێران نابێت لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا قەرزی دەرەکی بخاتە سەر شانی خۆی چونکە وابەستەیی دەهێنێتە ئاراوە، بەڵکو دەبێت تەنها پێشوازی لە شارەزایی تەکنیکیی بیانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو سەرکردەکە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا چەمکی "سەرکردایەتیی دووانە"یان بۆ گۆڕینی کەشی ئایدۆلۆژی بەرەو پراگماتیزمی ئابووری بەکارهێنا (Kelley, 2011).

پاش ساڵی ١٩٩٣، پەرەسەندنی نایەکسانیی چینایەتی و نەبوونی کرانەوەی سیاسی، داواکارییەکانی خوێندکاران، ڕۆشنبیران و نوخبەی زانستیی بێ وەڵام هێشتەوە. گەشەی ئابووری بەبێ چاکسازیی سیاسی و جێبەجێکردنی پڕۆژەی تایبەتیکردنی کەمکوڕ و بێ پلان، تەنها دابەشبوونی چینایەتی و گەندەڵی ئیداریی لێکەوتەوە (فرقانی، ١٣٨١: ٢٦). هاوکات، دابەزینی توندی نرخی نەوت بوو بە بەربەست لەبەردەم پلانەکانی گەشەپێدانی یەکەم و دووەم، بە جۆرێک ڕێژەی هەڵاوسان بۆ ٥٠% بەرزبووەوە و قەرزی دەرەکیی ئێران لە ٩ ملیار دۆلارەوە بۆ ٣٤ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٩٣دا بەرزبوەوە، ئەمەش شەپۆلێکی پشێوی و ناڕەزایەتیی لە شارە گەورەکاندا دروستکرد و سیاسەتی ڕێکخستنەوەی ئابووریی (تعدیل اقتصادی) لاواز کرد (اردهایی و ایزیدی، ١٤٠٣: ١٨٣).

هاوسەنگیی سیاسیی نێوان ڕەفسەنجانی و باڵی ڕاستڕەو، کە لە سەرەتای خولی چوارەمی مەجلیسدا بە پاڵپشتیی خامەنەیی و ناتق نووری سەقامگیر بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە تێکچوو. کۆنەپەرستانی مەجلیس بە وریاییەوە کەوتنە دژایەتی ڕەفسەنجانی تا کایەکە بۆ بەرژەوەندیی چەپڕەوەکان نەشکێتەوە، ئەوان ڕەخنەکانی خۆیان لەسەر چاکسازییە کولتوورییەکانی پێشووی محەمەد خاتەمی چڕکردەوە، لە کاتێکدا باڵی چەپڕەو سوودی لە کرانەوەی کۆمەڵایەتی دەبینی بۆ هێرشکردنە سەر کەمکوڕییە ئابوورییەکانی دەوڵەت (Mohammadi, 2014:14).

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا، مەجلیسی شورا بە تەواوی دژی سیاسەتە ئابوورییەکانی سەرۆک کۆمار وەستایەوە و حکومەتی ناچارکرد، کە جێگرەوەی وەزیرە چەپڕەوەکانی پێشوو (عەبدوڵڵا نووری لە ناوخۆ، محەمەد خاتەمی لە ئیرشاد، و مستەفا موعین لە خوێندنی باڵا) یەکلا بکاتەوە. لە شوێنی ئەوان کەسایەتیی موحافیزکارتری وەک (عەلی محەمەد بەشارەتی، مستەفا میرسەلیم، و محەمەد محەمەدی گوڵپایگانی) جێگیرکران، بە مەبەستی سڕینەوەی دوا پاشماوەکانی باڵی چەپڕەو لە دەسەڵاتی کارگێڕی و کابینەدا (سینائی و اکبری، ١٣٩٢: ٢٥٣).

لەلایەکی ترەوە، لە حوزەیرانی ١٩٩٣دا، بەشێک لە فەرماندە و بەڕێوەبەرانی دەزگای هەواڵگریی سوپای پاسداران و بە تایبەتی خودی موحسین ڕەزایی (فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران)، پێیان وابوو، کە ڕەفسەنجانی و خزمەکانی خەریکن لە ئامانجەکانی شۆڕش و "هێڵی ئیمام" لادەدەن. ئەوان چەندین ڕاپۆرتی نووسراو و زارەکییان ئاراستەی خامەنەیی کرد، کاتێک ئەم ڕاپۆرتانە لەلایەن ڕێبەرەوە پێشوازییان لێکرا، گومانی پیلانگێڕیی لای خامەنەیی دروستکرد، کە ڕەفسەنجانی خەریکە لە شەمەندەفەری شۆڕش دادەبەزێت، ئەم زانیارییانەش بەهۆی بوونی لایەنگرانی ڕەفسەنجانی لە ناو ناوەندی بڕیاری پاسداران دەگەیشتنەوە بە دەستی سەرۆک کۆمار (ایزیدیار: ٤٤٥-٤٤٦).

بەم هۆیەوە، خامەنەیی بە توندی دژی پێشنیارە ستراتیژییەکانی ڕەفسەنجانی وەستایەوە، لەوانە: پڕۆژەی یەکخستنی (سوپای پاسداران و سوپای ئاسایی تێکەڵ بە یەکتر) و هەوڵەکانی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەمریکادا. پاش ئەم قۆناغە، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕێبەری باڵا لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بە شێوەیەکی سیستماتیک گەشەی کرد (Mehrabi, 2021)، کاتێک ڕەفسەنجانی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٣دا دەستی بە خولی دووەمی سەرۆکایەتی کرد، پێگەکەی هێندە لاواز ببوو، کە ناچارکرا مەرجی ڕاستڕەوە نەریتخوازەکان قبوڵ بکات بۆ دیاریکردنی وەزیرەکانی ناوخۆ، بەرگری، کولتوروی ئیسلامی و ئابووری. سەرەڕای ئەوەش، وەزارەتەکانی دەرەوە، نەوت و دەزگای هەواڵگری (ئیتلاعات) بە تەواوی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی لایەنگرانی ڕاستڕەوی نەریتی، کە دڵسۆزی ڕەهای عەلی خامەنەیی بوون (Buchta, 2000: 25).

دوورخستنەوەی باڵی چەپڕەو لە جومگەکان، لەبری جێگیرکردنی دەسەڵات، بووە هۆی تەقینەوەی درزی ناوخۆیی هاوپەیمانە ڕاستڕەوەکان و دروستبوونی ناکۆکیی ئایدۆلۆژی لە نێوان "ڕاستی نەریتی" (مەجلیس) و "ڕاستی مۆدێرن/تەکنۆکراتەکان" (حکومەت) .ئەم قۆناغە نیشانیدا، کە بەکارهێنانی کارتی لێپرسینەوە و سەندنەوەی متمانە لە وەزیرە سەرەکییەکانی وەک نووربەخش و خاتەمی، ئامرازێکی سیاسی بوو بۆ لاوازکردنی سەرۆک کۆمار و سەپاندنی هەژموونی نەریتخوازان بەسەر کایەی فەرهەنگی و ئابووریدا. بەم شێوەیە، پاشەکشەی تەکنۆکراتەکان لە بەرامبەر فشاری مەجلیس و بڕیارەکانی ڕێبەری، هاوسەنگی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی تووشی پەککەوتن کرد.

## تەوەری سێیەم: پاشەکشەی پێگەی سەرۆک کۆمار و بەهێزبوونی جەمسەرگیری لە هەڵبژاردنی ١٩٩٣

پرۆسەی گۆشەگیرکردن و ئەو قەیرانە ئابوورییانەی دوای ١٩٩٢ سەریان هەڵدا، نەک هەر نەخشەی دابەشبوونی دەسەڵاتی کارگێڕییان نەگۆڕی، بەڵکو قووڵایی کایە فیکری و ئایدۆلۆژییەکانی ئێرانیشیان ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی کردەوە. ئەم بارودۆخە نوێیە وایکرد ئەو هێزە سیاسییانەی، کە لە کایەی فەرمیی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دەسەڵات دوورخرابوونەوە، ڕوو لە ناوەندە مەعریفی و دامەزراوە توێژینەوەییەکان بکەن و ستراتیژی نوێ پەیڕەو بکەن.

پاش ئەم گۆشەگیرییە، ئەنجومەنی ڕۆحانییەکان چالاکییە سیاسییەکانی خۆی بۆ ماوەی پێنج ساڵ ڕاگرت، بەڵام "ناوەندی سەرۆکایەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان" (کە ڕەفسەنجانی لە ١٩٩٢دا دایمەزراندبوو) بوو بە پەناگەیەکی فیکریی گرنگ بۆ کۆبوونەوەی نوخبەکانی باڵی چەپڕەو بە سەرۆکایەتی موسەوی خوئینیها. ئەم کەنارگیربوونە دەرفەتێکی زێڕینی پێدان بۆ پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە خۆیان، بە جۆرێک زۆربەیان ڕوویان لە خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان کرد و دیدگای سیاسیی ئەوان لە توندڕەویی کلاسیستی و داکۆکیکردن لە سۆسیالیزمی دەوڵەتییەوە، بەرەو لایەنگیریکردنی دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادییە کەسییەکان وەرچەرخا، کە دواتر لە کایەی سیاسیی ئێراندا بە "چاکسازیخوازان" (اصلاح‌طلبان) ناسران (پزشکی و دیگران، ١٣٨٤: ١٨٩؛ Mohammadi, 2014:12).

لە کۆتا ساڵەکانی خولی یەکەمی سەرۆکایەتیی ڕەفسەنجانیدا، سیاستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت لە لایەکەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی مەدەنی و پشێویی ناوخۆیی بووەوە، و لە لایەکی تریشەوە کەوتە بەر شاڵاوی ڕەخنەی هەردوو باڵی چەپڕەو و ڕاستڕەوی ئیسلامی. چەپڕەوەکان لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "سەلام"ەوە هێرشیان دەکردە سەر فشارە ئابوورییەکانی سەر چینی ناوەڕاست و خوارەوە، و ڕاستڕەوەکانی مەجلیسی چوارەمیش هێرشیان دەکردە سەر وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئیرشاد بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی لیبرالییانە (طاهرپور، ١٣٩٦: ٤٩؛ محمودی نیا، ١٣٩٠: ٣٩).

لەم ناوەندەدا، هاوکاریی ستراتیژیی نێوان خامەنەیی و ڕەفسەنجانی تووشی کەلێن و درزێکی قووڵ بوو، چونکە ململانێی کەسیی نێوانیان بەهۆی ڕکابەریی دامەزراوەییەوە بەرەو خراپتربوون چوو. خامەنەیی لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتیدا توانیبووی تۆڕێکی دڵسۆز و شەخسی لە سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان و وەزارەتە هەستیارەکانی وەک (کاروباری دەرەوە، کولتوور و بەرگری) دابمەزرێنێت، و هێزە چەکدارەکان بە تەواوی بخاتە ژێر فەرماندەیی نووسینگەی ڕێبەرییەوە (Botenga, 2009: 313). بەم شێوەیە، خامەنەیی بوو بە لەمپەرێکی توند لەبەردەم هەوڵە پراگماتیستییەکانی ڕەفسەنجانی بۆ خاوکردنەوەی دروشمە توندەکان، کەمکردنەوەی خەرجییە سەربازییەکان، و گەیشتن بە ڕێککەوتنی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕۆژاوادا (مسارات، ٢٠١٦: ٨).

لەکاتێکدا لە سەردەمی خومەینیدا، ململانێی نێوان ئەم دوو سەرکردەیە بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی خومەینی سنووردار دەکرا و ڕێگەی نەدەدا هیچ کامیان سەرکوت بێن (Office of Near Eastern and South Asian Analysis, 1983: iii)، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە، نووسینگەی ڕێبەریی بە شێوەیەکی فەرمی دەستی وەردا لە جومگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە پێشتر تەنها کاری سەرۆک کۆمار بوو. خولی چوارەمی مەجلیس و نووسینگەی خامەنەیی پێکەوە هاوئاهەنگییان کرد بۆ دوورخستنەوەی پیاوانی ڕەفسەنجانی لە وەزارەتە گرنگەکان و پڕکردنەوەیان بە کەسانی دڵسۆز بۆ ڕێبەری، لەوانەش وەک ئاماژەمان پێدا، ناچارکردنی محەمەد خاتەمی بە دەستلەکارکێشانەوە بەهۆی ئەو هەڵمەتە توندەی موحافیزکاران لە دژی ئازادییەکانی چاپەمەنی و کولتووری وەک ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکانی "کیان"، "گردون"، "ایران فردا" و نمایشکردنی فیلمی "شەوەکانی زایندەڕوود" (شبهای زاینده رود)ی مەخمەڵباف (شادلو، ١٣٩٢: ٢٩٩).

خامەنەیی لە هەنگاوێکی تری توندا، عەلی لاریجانی دڵسۆزی خۆی سەرەتا وەک وەزیری نوێی ئیرشاد و دواتریش وەک سەرۆکی دەزگای پەخشی دەنگ و ڕەنگی ئێران(١٩٩٤-٢٠٠٤) لە شوێنی محەمەد هاشمی (برای ڕەفسەنجانی) دانا، کە ئەمەش وەک سوکایەتییەکی ڕاستەوخۆ بە پێگەی سەرۆک کۆمار لێکدرایەوە. ئەم گۆڕانکارییانە، شانبەشانی جێگیرکردنی هاوپەیمانەکانی ڕێبەر لە وەزارەتەکانی داد و هەواڵگری (اطلاعات)، توانای دامەزراوەیی عەلی خامەنەیی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی و لاوازکردنی پێگەی جێبەجێکردنی ڕەفسەنجانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا تەواو چەسپاند (United Against Nuclear Iran, 2023: 82; Sadeghi-Boroujerdi and Randjbar-Daemi, 2017).

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی دووەمی خولی چوارەمی مەجلیس، ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی خولی شەشەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار دەستیان پێکرد (میرخلیلی، ١٣٩٣: ٢٠٧). لە بنەڕەتدا، هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٣ تاڕادەیەک میانڕەوتر و جیاوازتر بوو لە خولەکانی پێشوو، چونکە لە لایەک تاوی ساڵانی یەکەمی شۆڕش کەم ببووەوە، شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران کۆتایی هاتبوو، و تەنانەت پرسی ئاوەدانکردنەوەی وێرانییەکانی جەنگیش وەک پێشوو لە لووتکەی کارنامەی فەرمیی دەوڵەتدا نەمابوو. لەژێر سایەی ئەم گۆڕانکارییانەدا، ڕژێم خۆی لە دۆخێکی سەقامگیرتردا دەبینییەوە، دۆخی گشتی ئاسایی ببووەوە و حکومەت و خەڵک زیاتر لە خەمی پرسەکانی ڕۆژانەی گوزەران و ژیاندا بوون. لە هەمان کاتدا، کەشی سیاسیی ئێران و هاوسەنگیی هێزی فراکسیۆنەکان لە ناوخۆیی دەسەڵاتدا وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی، کە ڕەنگدانەوەی ئەم وەرچەرخانە لە شێوازی بەشداریی سیاسیی خەڵک و ڕیزبەندیی کاندیدەکانی هەڵبژاردندا بەڕوونی دەرکەوت (محمودی نیا: ٧٧؛ برزین، ٢٠٠٠: ٧٤).

فاکتەرێکی تری کاریگەر لەسەر پێکهێنانی کایەی ئەم هەڵبژاردنە، قووڵبوونی جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان باڵی ڕاستڕەو و باڵی چەپڕەو بوو. بەهۆی نەبوونی کەسایەتییەکی دیار و کاریزماتیک، کە توانای کێبڕکێکردنی ڕەفسەنجانی هەبێت، باڵی چەپڕەو نەک هەر کاندیدێکی فەرمی نەناساند، بەڵکو لەم خولەدا هیچ چالاکییەکی سیاسیی ئەوتۆشی ئەنجام نەدا (دارابی، ١٣٨٨: ١٥٩). چەپڕەوەکان لەم هەڵبژاردنەدا هەڵوێستێکی دوورەپەرێزیان گرتەبەر، چونکە هیچ ئومێدێکیان بە سەرکەوتن نەبوو، بنکەی جەماوەرییان پاشەکشەی کردبوو، دەسەڵاتی سیاسییان لەدەست دابوو. ئەوان بەو پێیەی پێیان وابوو ناتوانن کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر دەرئەنجامەکان دابنێن، بڕیاریاندا نە کاندید دیاری بکەن و نە پرۆسەکەش بایکۆت بکەن. بەم شێوەیە، باڵی چەپڕەو درێژەی بە سیاسەتی کشانەوەی دا و کەسی نەپاڵاوت (شیرعلی نیا، ١٣٩٣: ٦٣٦)، ئەمەش بووە هۆی نەهێشتنی کێبڕکێیەکی ڕاستەقینەی حزبی

لە ئێراندا، چونکە زۆربەی کاندیدە پەسەندکراوەکان لە بنەڕەتدا سەر بە باڵی ڕاستڕەو بوون (دارابی، ١٣٨٨: ١٦٣).

وێڕای هەبوونی ناڕەزایەتی و ناکۆکی لەسەر بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەنجومەنی ڕۆحانییەکان بە دروشمی "گوێڕایەڵی سەرکردایەتی، پشتیوانی ڕەفسەنجانی" پاڵپشتیی خۆیان بۆ سەرۆک کۆمار ڕاگەیاند (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٢٥٠). دواجار لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٩٣دا، شەشەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار بەڕێوەچوو. لەم خولەدا، هەرچەندە ١٢٨ کەس خۆیان کاندید کردبوو، بەڵام تەنها چوار کاندید لەلایەن شورای پاسەوانانەوە شیاوێتییان پەسەندکرا (فاضلی بیرجندی، ١٣٩٥: ٢٦٠). ئەم چوار کاندیدە بریتی بوون لە: ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی وەک سەرۆکی بێ ڕکابەری دەسەڵات، ئەحمەد تەوەکولی وەک چالاکوانێکی ڕاستڕەوی ڕەخنەگر، عەبدوڵڵا جاسبی لە فراکسیۆنی تەکنۆکراتی ناوەڕاست، و ڕەجەب عەلی تاهیری وەک نوێنەری باڵی ڕاستڕەوی تەقلیدی، کە ئەمانە تا ڕادەیەک بە نوێنەری فراکسیۆنەکانی ناو ڕژێم دادەنران و لە بواری خۆیاندا خاوەن پێگە بوون (محمودی نیا، ١٣٩٠: ٧٧؛ برزین، ٢٠٠٠: ٧٤).

ئەم هەڵبژاردنە لە کەشێکی تایبەتی ئابووریدا بەڕێوەچوو، کە تێیدا دەرئەنجامەکانی گەشەی ئابووری و بارودۆخی گوزەرانی خەڵک لە ژێر کاریگەریی توندی سیاسەتی ڕێکخستنەوەی ئابووری حکومەتدا بوو، بە جۆرێک ڕێژەی هەڵاوسان لەو کاتەدا ٢٠%ی تێپەڕاندبوو. بەهۆی باڵادەستیی فاکتەرە ئابوورییەکان لە ناو کۆمەڵگادا، ئەم بارودۆخە کاریگەرییەکی نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەکە دانا، بە تایبەت، کە حکومەت لە لایەن گرووپە جیاوازەکان و لە سەرووشیانەوە باڵی چەپڕەو، ڕووبەڕووی ڕەخنەی قورس ببووەوە (دارابی، ١٣٨٨ : ١٦٣).

لەم کێبڕکێیەدا، ئەحمەد تەوەکولی وەک بەهێزترین ڕکابەری ڕەفسەنجانی دەرکەوت و توانی ٢٣.٤%ی دەنگەکان بەدەستبێنێت، تەنانەت لە هەندێک ناوچەی وەک پارێزگای کوردستان توانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەم گۆڕانکارییەش تا ڕادەیەکی زۆر بە ئیرادەی جەماوەر بۆ دەنگدان لە دژی ڕەفسەنجانی بەهۆی قورسبوونی قەیرانی ئابوورییەوە گرێدرابوو (کوڤیل، ٢٠٠٨: ٢١٠). دەنگدان بە تەوەکولی دوو پەیامی سەرەکی لەخۆگرتبوو: دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە بەرنامە ئابوورییەکانی حکومەت، و مەیلی بەشێک لە دەنگدەران بەرەو هەڵوێستێکی موحافیزکارانەتر لە کاتێکی پڕ لە دڵڕاوکێی ئابووریدا. ئەم جۆرە جەمسەرگیرییە ئامارییە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئێراندا بێ پێشینە بوو، کە نیشانیدەدا دەنگدەران لە نێوان دوو کارنامەی جیاوازدا بڕیاریان داوە (محمودی نیا، ١٣٩٠: ٧٧؛ برزین، ٢٠٠٠: ٧٤).

سەرەنجام، ڕەفسەنجانی بۆ جاری دووەم وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرایەوە. لە کۆی ١٦,٧٩٦,٧٨٧ دەنگی هەژمارکراو، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕاگەیەندرا، ڕەفسەنجانی توانی ١٠.٥ ملیۆن دەنگ (واتە ٦٣%ی دەنگەکان) بەدەستبهێنێت، لە کاتێکدا تەوەکولی ٤.٠٢ ملیۆن و عەبدوڵڵا جاسبی ٠.٥ ملیۆن دەنگیان هێنا (فصلنامه سیاست خارجی، ١٣٧٢: ٢٨٥). لە ٤ی ئابی ١٩٩٣دا، ڕەفسەنجانی لە بەردەم مەجلیسی شورادا سوێندی یاسایی خوێند، لەو ڕێوڕەسمەدا عەلی ئەکبەر ناتق نووری، سەرۆکی مەجلیس، وێڕای ستایشکردنی، هەڵبژاردنەوەی ناوبراوی بۆ جاری دووەم
بە نیشانەی شکستی دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆیی ڕژێمی لەقەڵەمدا (نظری، ١٣٩٧: ٢٥٤).

ڕەفسەنجانی دوای سەرکەوتنی لە خولی دووەمدا، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی دەنگەکانی بەراورد بە خولی پێشوو نزیکەی پێنج ملیۆن دەنگ کەمیکردبوو، درێژەی بە سیاسەتە ئابوورییەکانی دا و لەلایەن میدیا و لایەنگرانییەوە نازناوی "سەرداری بونیاتنانەوە" (سردار سازندگی) پێبەخشرا (فاضلی و کردونی، ١٣٨٧: ١٥١). سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی دەنگەکانی، لێکدانەوەی جیاواز لە نێوان باڵەکاندا دروستبوو:

- **دیدگای باڵی ڕاستڕەوەکان** : موحافیزکاران: هۆکاری کەمبوونی دەنگەکانیان بۆ مانەوەی بەشێک لە کارگێڕ و بەرپرسە باڵاکانی پێشوو لە ناو جومگەکانی کابینەکەدا دەگەڕاندەوە، کە خاوەنی فیکر و ئاڕاستەیەکی سیاسیی جیاواز بوون و پێیان وابوو بوونەتە بەربەست (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٢٥٠).
- **دیدگای باڵی چەپڕەوەکان:** چەپڕەوەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆشحاڵی خۆیان بە دابەزینی دەنگەکانی ڕەفسەنجانی نیشاندا، بە بڕوای ئەوان، سیاسەتی دەرگا کراوەی ئابووریی حکومەت تەنها هەڵاوسانی بەرهەمهێناوە و فشاری خستووەتە سەر چینە نزم و مامناوەندەکان. هاوکات ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە دوورخستنەوەی نیوەی کارگێڕە باڵاکانی پێشوو لە پۆستەکانیان، جۆرێک لە ناڕەزایەتی قووڵی لە ناو نوخبەی بەڕێوەبردندا دروستکردووە، کە دەرئەنجامەکەی لە سندووقەکانی دەنگداندا ڕەنگی دایەوە(خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٥٠-٣٥١).

دەرئەنجامی کۆتایی ئەم هەڵبژاردنە، لە لایەکەوە بووە هۆی کەمبوونەوەی بنکەی جەماوەریی حکومەت بەهۆی ناڕەزایەتییە ئابوورییەکان، و لە لایەکی تریشەوە درز و بۆشایی نێوان ڕاستی نەریتی (جناح راست سنتی) و ڕاستی مۆدێرن (تەکنۆکراتەکان)ی قووڵتر کردەوە، پاش ئەم قۆناغە، ڕێکخراوە ڕاستڕەوە مۆدێرنەکان گەشەیانکرد و وەک ئامرازێک بۆ گۆشەگیرکردنی زیاتری باڵی چەپڕەو لە کایەی سیاسیدا کەوتنە کار (دارابی، ١٣٨٨: ١٦٣).

دوای دەستبەکاربوونی فەرمی وەک سەرۆک کۆمار بۆ خولی دووەم، خامەنەیی ئاماژەی بە پێگەی بەهێزی ڕەفسەنجانی کرد و ڕایگەیاند: "سەرۆکی دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی وڵات، کەسێکە، کە پێش شۆڕش و دوای شۆڕش جێگای متمانەی ئیمام خومەینی بووە" (شیرعلی نیا، ١٣٩٣: ٥٦٤). هاوکات پشتیوانیی ڕەهایی خۆی بۆ ناوبراو دووپاتکردەوە (روزنامه رسالت، ١٣٧١).

هەڵبژاردنەوەی ڕەفسەنجانی، هاوشانی گۆشەگیرکردنی زیاتری باڵی چەپڕەو، بووە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی تەکنۆکراتەکان لە ئێراندا. تەکنۆکراتەکان، کە پۆستە سەرەکییەکانی حکومەتی نوێیان لەدەستدا بوو، هەوڵیان دا بە هاوکاریی سەرۆک کۆمار پێگەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دابمەزرێنن. بۆ ئەم مەبەستە، لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢دا، غوڵامحوسێن کەرباسچی (سەرۆک شارەوانی تاران) بە ئیمتیازی شارەوانی، ڕۆژنامەی فەرەنگی "همشهری" بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆژنامەیە ئەگەرچی بەڕواڵەت بۆ پەرەپێدانی کولتووری شارستانی دەستی پێکرد، بەڵام وردە وردە بوو بە زمانحاڵ و ئۆرگانی نافەرمی بۆ ڕەوتی تەکنۆکراتەکان، بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

جۆرێک لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی مەجلیسی شورادا بە ئاشکرا پشتیوانی لێکردن (خواجەسروری، ١٣٨٢: ٣٥-٣٥٢).

لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی ڕەفسەنجانی، ئومێدەکان بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی هاوپەیمانییەکی پراگماتیکی نوێ لە ئێراندا هاتنە ئاراوە. ئەگەرچی خامەنەیی هێڵی گشتیی خومەینی پەسەند دەکرد، بەڵام هاوکات لایەنگری فراکسیۆنی موحافیزکارانی مەجلیسی شورا بوو بە سەرۆکایەتی ناتق نووری. ئەم پێکهاتە موحافیزکارە ڕەخنەی توندی ئاراستەی ئەدای محەمەد هاشمی دەکرد، کە سەرۆکی دەزگای پەخشی دەنگ و ڕەنگی ئێران بوو. ئەوەبوو دواجار دوای ڕاوێژی نێوان مەجلیس و ڕێبەری باڵا، خامەنەیی دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی بەکارهێنا و محەمەد هاشمی لە پۆستەکەی دوورخستەوە. پێشتریش خامەنەیی (لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە) لە ڕێگەی دەرکردنی فەتوای فیقهیی گرنگەوە (وەک فەتوای چاندنی ئەندامەکانی جەستە) پێگەی مەرجەعییەت و فیقهیی خۆی بەهێزتر کرد، کە پێشتر بەهۆی باڵادەستیی مەدرەسەکانی قومەوە لەژێر پرسیاردا بوو، ئەو هاوکات بە زیادکردنی یاریدەدەر و ڕاوێژکارە سیاسییەکانی لە نووسینگەی ڕێبەری، جەختی لەوە کردەوە، کە قۆناغی نوێ بە مانای گۆڕینی بنچینەیی سیاسەتەکانی ئێران نییە (غازی، ٢٠١٨: ٢٢٢؛ Sohrabi, 2009: 3).

گوشەگیرکردنی سیاسیی باڵەکان و هەڵکشان و دارمانی ئابووری، نەخشەی فیکریی ئێرانیان بە تەواوی ئاڵوگۆڕ کرد، بە جۆرێک باڵی چەپڕەو لە ناچاریدا ڕووی لە پەناگە فیکرییەکان کرد تا خۆی لە ڕادیکاڵیزمەوە بەرەو گوتاری دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی (چاکسازیخوازی) نوێ بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە، دابەزینی بەرچاو لە دەنگەکانی ڕەفسەنجانی و سەرکەوتنی ڕکابەرەکەی لە هەڵبژاردنی ١٩٩٣دا، هۆشدارییەکی ڕاستەوخۆ بوو لە نارەزایەتی جەماوەر بەرامبەر هەڵاوسان و ناپلانڕێژیی ئابووری. دەرئەنجامی درێژخایەنی ئەم قۆناغە سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای ڕێبەری سەروەی کۆمار و دارشتنی بنەمای جەمسەربەندییە نوێیەکانی داهاتووی ئێران بوو.

## ئەنجام

لە ڕێگەی شیکاریکردنی ڕووداوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم دەرئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە:

1. هەڵبژاردنی خولی چوارەمی مەجلیس لە ساڵی ١٩٩٢، خاڵی کۆتایی بوو بەو هاوسەنگییە سیاسییەی، کە پێشتر خومەینی لە نێوان کوتلەکاندا ڕایگرتبوو. بەکارهێنانی دەسەڵاتی شورای پاسەوانان بۆ ڕەتکردنەوەی بەکۆمەڵی کاندیدەکان، گورزێکی کوشندە بوو، کە باڵی چەپڕەوی لە دوا پێگەی بەهێزی (دەسەڵاتی یاسادانان) دوورخستەوە.
2. شکستی جەماوەریی چەپڕەوەکان تەنها پەیوەست نەبوو بە فلتەری یاساییەوە، بەڵکو بەشێکی بۆ بێزاریی گشتی کۆمەڵگە لە سیاسەتە کلتورییە توندەکانی ڕابردوویان و ململانێی بەردەوامیان لەگەڵ بازاڕی نەریتی دەگەڕایەوە، کە وایکرد چینی مامناوەندی نوێ مەیلی بۆ بەرنامەی کرانەوەی ئابووریی ڕەفسەنجانی هەبێت.
3. دوورخستنەوەی چەپڕەوەکان لە جومگەکانی کارگێڕی، فەزایەکی تاکجەمسەریی ڕەهای بۆ باڵی ڕاستڕەو دروست نەکرد، بەڵکو دەستبەجێ درز و ململانێی ناوخۆیی لە نێوان "ڕاستی نەریتی" (پارێزەرانی بەرژەوەندیی مزگەوت و بازاڕ) و "ڕاستی مۆدێرن" (تەکنۆکراتەکان) هێنایە ئاراوە، کە لە ڕێگەی کارتی لێپێچینەوە لە وەزیرەکان و ناچارکردنی کەسایەتیی وەک محەمەد خاتەمی بە دەستلەکارکێشانەوە، باڵادەستیی نەریتخوازەکانی بەسەر حکومەتدا چەسپاند.
4. قەیرانی ئابووری، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان بۆ ٥٠%، و کۆنترۆڵکردنی وەزارەتە گرنگەکان لەلایەن نووسینگەی ڕێبەری باڵاوە، پێگەی دامەزراوەیی ڕەفسەنجانی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا (١٩٩٣) تەواو لاواز کرد، کە ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە کەمبوونی ٥ ملیۆن دەنگی ناوبراو و سەرکەوتنی بەرچاوی ڕکابەرەکەی (ئەحمەد تەوەکولی) لە سندوقەکاندا دەرکەوت.
5. گرنگترین لێکەوتەی درێژخایەنی ئەم قۆناغە، کەنارگیربوونی پێنج ساڵەی باڵی چەپڕەو بوو لە "ناوەندی سەرۆکایەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان"، کە دەرفەتی پێدان پێداچوونەوە بە فیکری ڕادیکاڵی خۆیاندا بکەن و دیدگایان لە سۆسیالیزمی دەوڵەتییەوە بەرەو دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی وەرچەرخێت، کە ئەمەش بنەمای ڕەسەنی سەرهەڵدانی ڕەوتی "چاکسازیخوازی" (اصلاح‌طلبان)ی داهاتووی لە ئێراندا دارشت.

## لیستی سەرچاوەکان:

### ١-بەڵگەنامە فەرمییەکان، ڕاپۆرتە هەواڵییەکان و بڵاوکراوی دامەزراوەکان


1. Masarat**.** 2016. "Khilaf fi al-Qimma: Arba'at Aqud min al-Wiam wa al-Sira' wa al-Musalaha bayna Hashemi Rafsanjani wa Ali Khamenei" [Disagreement at the Summit: Four Decades of Harmony, Conflict, and Reconciliation between Rafsanjani and Khamenei]. King Faisal Center for Research and Islamic Studies, April–May.

2. Mehrabi, Ehsan**.** 2021. "Khamenei and Rafsanjani: A Friendship That Turned Sour." *IranWire*, April 1, 2021. https://iranwire.com/en/special-features/69279/ (accessed July 1, 2026).

3. United Against Nuclear Iran (UANI). (2023, August 23). Ayatollah Ali Khamenei: Supreme Leader of the Islamic Republic of Iran - Rafsanjani's Reformist Agenda and Corruption. Available at: [,

Rafsanjani’s Reformist Agenda and Corruption | UANI

4. Mohammadi, Ariabarzan. 2014. "The Path Dependent Nature of Factionalism in Post-Khomeini Iran." HH Sheikh Nasser al-Mohammad al-Sabah Publication Series, no. 13 (December).

**٢-کتێبەکان**

**أ. عەرەبییەکان:**

1. النعيمي، سلطان محمد، ٢٠٠٩، *الفكر السياسى الايرانى(جذورة، روافدة، اثرة) دراسة تحليلية فى ضوء المصادر الفارسية*، ط.١، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية
2. كوفيل، تييرى، ٢٠٠٨، *ايران الثورة الخفية*، ط.١، بيروت، لبنان: الناشر دار الفارابى
3. برزين، سعيد، ٢٠٠٠، *التيارات السياسية فى ايران ١٩٨١-١٩٩٧*، مركز الامارات للدراسات البحوث الاستراتيجية، الطبع. الاولى، العدد. ٣٢.

**أ. فارسییەکان:**

1. آمانت، عباس. ١٤٠٠. *تاریخ ایران مدرن*. چاپ ١، بی جا، نشر فرا گرد.
2. ایزدیار، علی، *"آخوند، ایران، خامنه‌ایی"*، بی تا، بی جا، بلا ناشر.
3. پزشکی، محمد، سید محمدعلی حسینی‌زاده، سید صادق حقیقت، عبدالوهاب فراتی، و مصطفی ملکوتیان. ١٣٨٤. *انقلاب اسلامی: چرایی و چگونگی رخداد آن*. چاپ ٤٤. قم: نشر معارف (چاپخانه صدف).
4. خواجەسروری، غلامرضا. ١٣٨٢. *رقابت سیاسی و ثبات سیاسی در جمهوری اسلامی ایران*. چاپ ١. تهران: چاپخانه مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
5. دارابی، علی. ١٣٨٨. *رفتار انتخاباتی در ایران: الگوها و نظریه‌ها*. چاپ ٥. تهران: انتشارات سروش.
6. شادلو، عباس. ١٣٨٥. *اطلاعاتی درباره احزاب و جناح های سیاسی امروز ایران*. چاپ ١. تهران: نشر وزراء.
7. شادلو، عباس. ١٣٩٢. *تکثر گرایی در جریان اسلامی و پیدایش جریان راست و چپ مذهبی ١٣٦٠-٨٠*. چاپ ٣. تهران: نشر وزراء.
8. شیرعلی نیا، جعفر. ١٣٩٥. *روایتی از زندگی و زمانه آیت الله اکبر هاشمی رفسنجانی*. چاپ ١. تهران: نشر سایان.
9. عظیمی دولت آبادی، امیر. ١٣٨٧. *منازعات نخبگان سیاسی و ثبات سیاسی در جمهوری اسلامی ایران*. تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
10. فاضلی بیرجندی، محمود. ١٣٩٥. *از مهدی بازرگان تا حسن روحانی: کابینه‌ها در جمهوری اسلامی ایران*. چاپ ٢. تهران: نشر پایان.
11. فرقانی، محمد مهدی. ١٣٨١. "تحول گفتمان توسعه سیاسی در ایران (از مشروطه تا خاتمی)". *فصلنامه علوم اجتماعی*، شماره ١٧.
12. لاهوتی، حسن. ١٣٩٤. *هاشمی رفسنجانی: رونق سازندگی (کارنامه و خاطرات سال ١٣٧١)*. چاپ ١. تهران: دفتر نشر معارف انقلاب.
13. لاهوتی، علی. ١٣٩١. *هاشمی رفسنجانی: بازسازی و سازندگی (کارنامه و خاطرات سال ١٣٦٨)*. تهران: دفتر نشر معارف انقلاب.
14. نظری، منوچهر. ١٣٩٧. *رؤسای مجلس ایران (شورای ملی، سناء، شورای اسلامی ١٢٨٥-١٣٩٧)*. چاپ ١. تهران: چاپ و صحافی غزل.

**ج. سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. Brzin, Said. 2000. *Al-Tayarat al-Siyasiya fi Iran 1981-1997* [Political Currents in Iran 1981-1997]. No. 32. Abu Dhabi: Emirates Center for Strategic Studies and Research.

2. Buchta, Wilfried. 2000. *Who Rules Iran? The Structure of Power in the Islamic Republic*. Washington, DC: The Washington Institute for Near East Policy and the Konrad Adenauer Stiftung.

3. Coville, Thierry. 2008. *Iran: Al-Thawra al-Khafiya* [Iran: The Invisible Revolution]. 1st ed. Beirut: Dar al-Farabi.

4. Ghazi, Widad Jaber. 2018. "Ali Akbar Hashemi Rafsanjani wa Dawruhu al-Siyasi fi Iran" [Ali Akbar Hashemi Rafsanjani and His Political Role in Iran]. *Al-Mustansiriya Journal for Arabic and International Studies* 14.

5. Milani, Mohsen M. 2007. "The Evolution of the Iranian Presidency: From Bani Sadr to Rafsanjani." *British Journal of Middle Eastern Studies* 20, no. 1.

6. Al-Nuaimi, Sultan Muhammad. 2009. *Al-Fikr al-Siyasi al-Irani (Judhūruh, Rawāfiduh, Atharuh): Dirāsa Tahlīlīya fī Daw' al-Masādir al-Fārisīya* [Iranian Political Thought]. 1st ed. Abu Dhabi: Emirates Center for Strategic Studies and Research.

**٣- نامە و تێزە زانکۆییەکان:**

1. Botenga, Marc. 2009. "The Iranian Leviathan: State Formation, Progress and Democracy in Iran." PhD diss., University of Pavia (PhD Program in Political Systems and Institutional Change, XXI Cycle).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

2. Kelley, Stephanie R. (MAJ). 2011. "Making Sense of Iran: Rhetoric, Ideology, and Behavior." Master's thesis, School of Advanced Air and Space Studies.

4. Rakel, Eva Patricia. 2008. "The Iranian Political Elite, State and Society Relations, and Foreign Relations since the Islamic Revolution." PhD diss., Universiteit van Amsterdam (University of Amsterdam).

3. Şen, G. (2013) Post-revolutionary Iran's foreign policy toward the United States: a historical sociological analysis of state transformation and foreign policy. PhD thesis. Middle East Technical University.

4. طاهرپور, معصومه. ۱۳۹٦". اقدامات و برنامه های سیاسی دولت اول هاشمی رفسنجانی". پایان‌نامه کارشناسی ارشد رشته تاریخ، دانشکده ادبیات و علوم اجتماعی، دانشگاه خوارزمی

5. **محمودی نیا، امین**. ۱۳۹۰". بررسی سیاست ها و عملکرد دولت در جمهوری اسلامی ایران بر اساس الگوی حکمرانی خوب (بررسی موردی دوران هاشمی رفسنجانی ۱۳٦۸-۷٦)". پایان‌نامه کارشناسی ارشد علوم سیاسی، دانشکده علوم اجتماعی، دانشگاه بین المللی امام خمینی.

**٤- *گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان:***

**أ. *بە زمانی کوردی:***

1. ئەبوبەکر، ئەژی ئازاد (۲۰۲۲) 'حزب و بەرە کاریگەرەکانی ئێستای ئێران لە ڕاستی نەریتخوازەوە بۆ چەپی مۆدێرن'، *گۆڤاری جۆرناڵ*، (٤٤)، ل. ٦۲.

**ب. *بەزمانی فارسی:***

1. اردهایی، سعید صافی، و رجب ایزدی. ۱٤۰۳". نسبت سنجی اقتصادی سیاسی دوره سازندگی در ایران با ویژگی های دولت توسعه‌گرای لفت ویچ'. *دو فصلنامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه*، سال سیزدهم، شماره ۱.

2. حسینی، سید هادی، و علیرضا بیان نورد سروستانی و کرامت اله راسخ، ۱٤۰٤". مطالعه تطبیقی سیاست های اقتصادی دولت های رفسنجانی احمدی نژاد و پیام دهای آن در عرصه توسعه سیاسی و اجتماعی کشور'. *فصلنامه جغرافیا (برنامه ریزی منطقه‌ای)*، دوره ۱۵، شماره ۵۸.

3. دماوندی کناری، **علی**. ۱۳۹۹". بررسی نقش جامعه روحانیت مبارز و مجمع روحانیون مبارز در عرصه سیاست ایران تا سال ۱۳۸۸". *مجله بین المللی پژوهش ملل*، دوره پنجم، شماره ٥٤.

4. زارعی، علی، و فوزی یحیی. ۱۳۹٥". تحلیل یافت سیاسی، اجتماعی و تخصصی نمایندگان مجلس شورای اسلامی ادوار اول تا پنجم". *جستارهای سیاسی معاصر* (پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی)، سال هفتم، شماره ٤.

5. سینانی، وحید، و سارا اکبری. ۱٤۰۰". بررسی مناسبات بازار سنتی و ساخت سیاسی در دوره هاشمی رفسنجانی (۱۳٦۸-۱۳۷٤)'. *فصلنامه علمی رهیافت های سیاسی و بین المللی*، دوره ۱۳، شماره ۱ (پیاپی ٦۷).

6. فاضلی، نعمت الله، و روزبه کردونی. ۱۳۸۷". رفاه و گفتمان سازندگی'. *فصلنامه علوم اجتماعی*، دوره ۱٥، شماره ٤۱.

7. فرقانی، محمد مهدی. ۱۳۸۱". تحول گفتمان توسعه سیاسی در ایران (از مشروطه تا خاتمی)'. *فصلنامه علوم اجتماعی*، شماره ۱۷.

8. ملکی، علی. ۱۳۹۹". مبانی مشارکت سیاسی در جمهوری اسلامی ایران'. *فصلنامه علمی-پژوهشی سیاست متعالیه*، سال ۸، شماره ۳۰.

9. میرخلیلی، سیدحسین. ۱۳۹۳". درآمدی بر نقش احزاب در ادوار مختلف قانون گذاری جمهوری اسلامی ایران'. *فصلنامه علمی-تخصصی فرهنگ پژوهش*، شماره ۱۸.

**٥. ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕە هەواڵییەکان:**

1. روزنامه اطلاعات (۱۳۷۲) ، ۲۸ مرداد ماه، ش. ۲۰۰۲۲.

2. روزنامه جمهوری اسلامی (۱۳۷۱)، ۱٦ فروردین.

3. روزنامه رسالت (۱۳٦۸) ، ۷ شهریور ماه

4. روزنامه رسالت (۱۳۷۱)، ۹ و ۱۱ فروردین ماه، شماره ۱۷۹٤ و ۱۷۹٥.

5. روزنامه رسالت (۱۳۷۱)، ۲٥ فروردین ماه, شماره ۱۸۰٤.

6. روزنامه رسالت (۱۳۷۱)، ۲۹ فروردین ماه، شماره ۱۸۰۷.

7. روزنامه رسالت (۱۳۷۱)، ۸ فروردین ماه، ش. ۱۷۹۳.

8. روزنامه سلام (۱۳۷۱)، ۲٤ فروردین ماه و ۱۰ فروردین ماه.

9. روزنامه سلام (۱۳۷۱)، ۱۱ فروردین ماه

10. روزنامه کیهان (۱۳۷۱)، ۱۷ فروردین ماه، شماره ۱٤٤٤۱.

11. 'انتخابات و نمایندگان مجلس در کلام رهبر معظم انقلاب اسلامی'، ۱۸ فروردین، شماره ۱٤٤٤۲.

12. روزنامه کیهان (۱۳۷۱)، ٦ خرداد ماه ، شماره ۱٤٤۸٤.

**٦. سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

5. Mehrabi, Ehsan. 2021. "Khamenei and Rafsanjani: A Friendship That Turned Sour." *IranWire*, April 1, 2021. https://iranwire.com/en/special-features/69279/ (accessed July 1, 2026).

6. Sadeghi-Boroujerdi, Eskandar, and Siavush Randjbar-Daemi. 2017. "Akbar Hashemi

Rafsanjani’s Life and Death Highlight What’s at Stake in Iran Today." *Serving the Leviathan: Rafsanjani's Politics*.


## Abstract

Following the demise of Ayatollah Khomeini (1989) and the end of the eight-year Iran-Iraq War, the Islamic Republic of Iran faced a severe crisis in redrawing the power structure and managing internal political conflicts. The central problem of this study focuses on identifying the causes of the radical internal shifts during 1992–1993, wherein the systematic exclusion of the Islamic Left in the fourth parliamentary (Majlis) elections endangered political equilibrium. Contrary to expectations, this exclusion led to the outbreak of new political rifts within the ruling establishment.

The study adopts a historical-political analytical methodology by dividing the subject into three primary axes: evaluating the role of legal mechanisms and tactical alliances (the Guardian Council, Khamenei, and Rafsanjani) in purging the Left; tracking structural transformations within the executive and legislative branches; and analyzing the perception of intellectual and economic changes in creating power polarization.

The political purge of 1992–1993 disrupted Iran's internal institutional balance and weakened the presidency. Concurrently, the forced marginalization of the Left provided them with a new intellectual and cognitive framework, prompting their transition from state socialism toward a reformist worldview, democracy, and civil society.


**Keywords:** Post-Khomeini era, 4th Majlis election, Islamic Left, Rafsanjani, Khamenei, traditionalist-technocrat conflict


## الملخص

واجهت الجمهورية الإسلامية الإيرانية، بعد وفاة أية الله الخميني (١٩٨٩) والحرب العراقية الإيرانية التي استمرت ثماني سنوات، أزمةً في إعادة رسم خريطة السلطة والصراعات السياسية الداخلية. تتركز إشكالية هذه الدراسة في تحديد أسباب التحول الراديكالي الداخلي خلال عامي (١٩٩٢-١٩٩٣)، حيث أدى الاستبعاد الممنهج للجناح اليساري الإسلامي في انتخابات الدورة الرابعة لمجلس الشورى الإسلامي إلى تهديد التوازن السياسي، وعلى عكس التوقعات، أدى ذلك إلى انفجار الصراع وظهور تصدعات سياسية جديدة في أحشاء الحزب الحاكم.

اعتمدت الدراسة على المنهج التحليلي التاريخي-السياسي من خلال تقسيم الموضوع إلى ثلاثة محاور أساسية: تقييم دور الأدوات القانونية والتحالفات التكتيكية (مجلس صيانة الدستور، خامنئي، ورفسنجاني) في تصفية التيار اليساري، ومتابعة التغييرات في هيكلية السلطتين التنفيذية والتشريعية، وتحليل فهم التغيرات الفكرية والاقتصادية في خلق الاستقطاب في السلطة.

أدت التصفية السياسية في عامي (١٩٩٢-١٩٩٣) إلى إخلال التوازن المؤسسي داخل إيران، وأضعفت موقع رئيس الجمهورية، وفي الوقت نفسه، منح الإقصاء القسري لليساريين بيئةً فكرية ومعرفية جديدة للانتقال من اشتراكية الدولة نحو رؤية إصلاحية، والديمقراطية، والمجتمع المدني.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.656/jzsb.12579]
- **Submission Date:** [11/7/2026], **Revised Date:** [12/7/2026], **Accepted Date:** [2/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]